گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130P-ISSN: 2410 – 1036
DOI:https://doi.org/10.26750/22wnzp89
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 18/07/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 28/09/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 20/06/2026
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

# پەروەردەی سروشتی و پرەنسیپەکانی ئیپستمۆلۆژیا بەپێی ژان ژاك ڕۆسۆ

**هێمن ڕسوڵ حمدامین1 - مسلم حسن محمد2**
drmuslim2001@gmail.com - hamno608@gmail.com
[2+1] بەشی فەلسەفە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**:
ژان ژاك ڕۆسـۆ، وەک یەکێـک لە پێشـەنگانی فەلسـەفەی ڕۆشـنگەریی ئەورووپی و پەیمـانی کـۆمەڵایەتی، داکـۆکی لە ئـازادی و ئـیرادەی گشـتی کـردوە، پێیـوایە مـرۆڤ لە سروشـتەوە ئەم ئـازادیەی پـێ دەبەخشـرێت. هـاووڵاتی ئـازاد و سەربەخۆ بەهۆی ئەزمونە سروشتییەکانی خۆیەوە فێردەبێت و گەشەدەکات و بۆچونەکانی شکڵ و شێوە وەردەگرن، تاک دەبێت لەگەڵ سروشتدا لە پەیوەندی چالاکدا بێت، خۆی بەسەر پرسە ئاکاریی و ئەقڵانییەکانیدا سەروەر بێت، بۆ گەیشتن بەم ئامانجە فەلسەفەی پەروەردەی سروشتی وەک یەکێک لە ئاڕاستە نوێیەکان، ڕەخنەی ورد و جدی لە ئاڕاستەکانی پەروەردەی نەریتی دەگرێت و ڕەتیان دەکاتەوە، لەبەرئەوە بۆچونە پەروەردەییەکانی ڕۆسۆ کاریگەرییەکی بەهێز لەسەر قوتابخانە و فەیلەسوفانی دوای خۆی جێدێڵێت هەتاوەکو ئێستاش ئەم کاریگەرییە بەردەوامە.
بۆچونەکانی ڕۆسۆ بەشێوەیەکی سەرەکی لە کتێبی (ئێمیل)دا خراونەتەڕو. پێیوایە پێویستە پرۆسەی پەروەردە لەگەڵ قۆناغەکانی گەشەی سروشتی منداڵ هاوتەریب و گونجاو بێت، چونکە سروشت هەر لەسەرەتاوە ئیرادە و ئازادی تەواو بە مرۆڤ دەبەخشێت، بەڵام کۆمەڵگا و دامەزراوەکانی لێی زەوت دەکەن، بەها ئاکارییەکان و کردارەکانی مرۆڤ پەیوەستن بە سروشت و لەژێر یاسا سروشتییەکاندان نەک سەرو سروشتی، مرۆڤیش بە منداڵی سروشت دەزانن نەک کۆمەڵگا، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بـۆ وردبونـەوە لـە فەلسـەفەی پەروەردە لـە دیـدو ڕوانیـنی ڕۆسـۆوە بەشـێوەیەکی شیکاریانە، تێگەی سروشت بەگشتی و لەگەڵیدا سروشتی منداڵ و بنەماکانی زانین خراوەتەڕو، بەشداریکردنی منداڵان لـە پرۆسـەی پـەروەردەدا و پـەروەردەی ئـەزمونی و بیرۆکـەکانی، دەرخـەری نوێخـوازی و لێهـاتوی ڕۆسـۆیە لـە کێڵگـەی پەروەردە و فێرکردندا.

**کلیلە وشەکان**: ڕۆسۆ، پەروەردەی سروشتی، منداڵ، زانین.

# Natural Education and the Principles of Epistemology by Jean-Jacques Rousseau

**Hemn Rasul Hamdamin[1] - Prof. Muslim Hassan Mohammed[2]**

[1+2] Department of Philosophy, College of Humanities, Raparin University, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

As one of the pioneers of European Enlightenment philosophy and social covenant, Rousseau advocated freedom and public will, believing that man is endowed with this freedom by nature. A free and independent citizen learns and develops through his own natural experiences and his opinions are shaped, the individual must be in active communication with nature, sovereign over its moral and rational issues, to achieve this goal, the philosophy of natural education as one of the new directions, criticizes and rejects the directions of traditional education, so Rousseau's educational views left a strong influence on the school and philosophers after him, this influence continues to this day.

Rousseau's views are mainly expressed in the book of (Emile), He believes that the education process should be in line with the stages of natural development of children, not directed by culture, processes and social agreements in society. Because nature gives man complete will and freedom from the beginning, but society and its institutions deprive him, moral values and human actions are related to nature and under natural laws, not above it. Man is considered to know nature as a child, not society. This paper examines the philosophy of education from Rousseau's perspective using analytical approach. In this paper, the concept of nature in general and the nature of children and the principles of knowledge are discussed. Children's participation in the education process and empirical education reveal Rousseau's significant in the field of education.

Keywords: Rousseau, Natural Education, Child, Knowledge.

## پێشەکی

لە توێژینەوە هاوچەرخەکاندا، پرسی پەروەردە پانتاییەکی گرنگ و فراوان داگیردەکات، چونکە پرۆسەی پەروەردە پەیوەست بە تاک و کۆمەڵگە، کاریگەری و بەشداری قوڵی لەسەر پەرەسەندن و شارستانی و ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیان و بیرکردنەوە هەیە. ئەم توێژینەوەیە (**پەروەردەی سروشتی و پرەنسیپەکانی ئیپستمۆلۆژیا بەپێی ژان ژاک ڕۆسۆ**)، پرسی پەروەردە، وەک تەوەری سەرەکیی دادەنێت و دەیەوێت لە ڕوانگەی (ژان ژاک ڕۆسۆ)وە شرۆڤە و لێکدانەوەی بۆ بکات. ڕۆسۆ جەختی لە ڕۆڵی پەروەردەی منداڵ کردۆتەوە، کە چۆن و لەسەر چ بنەمایەک سیستەمی پەروەردە دابڕێژێت، هەنگاوە سەرەکییەکانی پەروەردەی منداڵ و گرتنەبەری ڕێبازی ئەزمونی و بەکردەییکردنی، گەڕانەوە بۆ تێگەی سروشت و بە چاک ناساندنی منداڵ و دورخستنەوەی لە هەبویەکی خراپەکار وەک پێشتر لە پەروەردەی نەریتی ناوزەنددەکرا، کاری ڕۆسۆ بوە و هەوڵ و کۆششەکانی لەو پێناوەدا دیار و بەرچاون. کارکردنی لەپێناوی هاتنەکایەی پەروەردەیەک بو، کە منداڵ تێیدا ئازادانە هەنگاو بنێت و بتوانێت لە ڕێی بەهرە و لێهاتوییەکانی خۆی و دەوروبەری و کۆمەڵگە بگۆڕێت.

## پرسیاری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە، خوازیارە لە ڕێگەی وروژاندنی پرسی پەروەردە، زانین و فێربون، بگاتە وەڵام و ئەو ئەنجامانەی کە لەم پرسیارانەوە دەکەونەوە:

1. گرنگترین بنەماکانی زانین چین؟ فێربون و زانین وەک پرۆسە چ پەیوەندییەک لە نێوانیاندا هەیە؟
2. بۆچی ڕۆسۆ سروشت بە بنەما دەگرێت و سروشتی منداڵ بە چاکە دادەنێت؟
3. قۆناغە سەرەکییەکانی پەروەردە و فێربون پەیوەست بە سروشت و زانین چۆن پۆلێن دەکات؟
4. ئایا هەستەکان، ئاکار، عەقڵ و ئاین چ ڕۆڵێکیان لەو نێوەندەدا هەیە؟

## کێشەی توێژینەوە:

قوتابخانە فەلسەفیی و دەرونی و کۆمەڵایەتییەکان، لە پرسی پەروەردە و فێرکردندا، زۆر و جیاوازن، هەریەکەیان تێز، ئارگیومێنت، بەڵگەی لۆژیکی و هزری دەخەنەڕو، تاوەکو لە ڕێگەی میتۆدێکی پەروەردەییەوە کار لەسەر گەشە و پەرەپێدانی تاک و کۆمەڵگە بکەن، بەڵام پرۆسەی پەروەردە، بە کاریگەریی سروشت و ئەزمونی تاکەکانەوە یاخود پرۆسە و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانەوە بێت، ئەوا هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە ئێمە پێویستمان بە پەروەردەیە. کێشەی سەرەکیی لەم توێژینەوەیەدا، بریتییە لە ڕۆڵی سروشت لە ئاوەڵاکردن و هزراندنی منداڵ، لە گەڕان بە دوای ئەو پرسەی کە داخۆ پەروەردەی سروشتییانەی منداڵ چییە و چۆنە؟ بنەماکانی زانین لە نێویاندا یەکەمیدان بەکامیان، هەستەکان یاخود عەقڵ؟ ڕۆڵی ئاین لەنزیکردنەوەی منداڵ و فێرخواز بۆ زانین لە چ کات و قۆناغێکدا گونجاوە.

## گرینگی توێژینەوە:

توێژینەوە لە هەر پرس و بابەتێکدا، بەها و گرنگیی خۆی هەیە، بەگوێرەی مێتۆد، فەیلەسوف و بارودۆخە جیاوازەکان بەها و گرنگییەکان دیاریدەکرێن. گرنگیی ئەم توێژینەوەیە، وروژاندنی شێوازێکی پەروەردەییە، کە جەخت لەسەر سروشتگەرایی و ئەزمونی خۆمەندانەی تاکەکان دەکاتەوە، هەروەها ئەقڵانییەتی ڕۆشنگەرانە و ئازادی سەربەخۆبون دەکاتە پێوەر و ئامانج، ئەمە لە کاتێکدا کۆمەڵگەی ئێمە پێویستی زۆری بە بیرکردنەوەی ئەقڵانیی هەیە. هاوکات، پرسی پەروەردە لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا بە هۆی گۆڕان و گەشەی خێرای زانست و تەکنۆلۆژیاوە، دوچاری ئاڵنگاریی هەمەلایەنە بۆتەوە، بەڵام مرۆڤایەتی هێشتا لەسەر هەسارەی زەویدا لە نێو ژینگەی سروشتیدا

نیشـتەجێیە، مـرۆڤ لەهەر بارودۆخێکـدابێت، ناتوانێـت دەسـتبەرداری ببێـت، کەواتە گـرنگە زانـین و تـوێژینەوەی پەروەردەیی پەیوەست بەم تێز و ئارگومێنتانەی ڕۆسـۆ بکرێن و خـوێنەر و پەروەردەکاران لێی بەئاگابن، چـونکە هێشتا گرنگی خۆیان لەدەست نەداوە.

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە، هەوڵیداوە بەگەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی ڕۆسـۆ و توێژینـەوەی دیکەی پەیوەندیدار، ڕۆڵی ڕۆسـۆ دیاریبکات لە بواری پەروەردەدا، کە خۆی دەبینێتەوە لە گرنگیدان بە تێگەی سروشت وەک بنەمایەک و سروشت چاکی منداڵ، ڕۆڵ و کاریگەریی بنەماکانی زانین و ڕیزبەندکردنیان لە یەکەمینەوە بـۆ کۆتـایی، کە شـێوەی سیسـتەمێکی ڕێکخـراوی و جیـاواز وەردەگرێـت لـە پرۆسـەی پـەروەردەدا، هـەروەها کاریگـەری ڕۆسـۆ و هەوڵـە فەلسـەفییەکانی لـە خوێندنەوە و سەرنجی جیاواز لەمەڕ تێگەی ئاین و ڕۆڵی ئاین لە زانیندا.

**میتۆدی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا، میتۆدی شیکاری بە کارهێنراوە، بۆ ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی دەقەکان تا بگەین بە مەبەستی ڕون و ئاشکرا لەبارەی فەلسەفەی پەروەردە و کاریگەریی پەروەردە لەسەر ژیانی مرۆڤ. میتۆدی شیکاری لە باس و پرسە ئاڵۆزەکانەوە هەنگاو دەنێت، تێیدا باس و پرسەکان تاوتوێدەکرێن و لێکهەڵدەوەشێنرێن  تا دەگەین بە بنەمایەکی سادە و ڕون، کە دیار و ئاشکرابێت، واتە بەپێی ئەو میتۆدە  پرس و کێشە ئاڵۆزەکان دوای شیکردنەوەیان، دەیانگەڕێنینەوە بۆ سەر خاڵێکی سادە و ڕون. بە مەبەستی نەهێشتنی نارونی و ئاڵۆزی پرسەکان.

**پلان و پەیکەرەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە، لە دو باسی سەرەکیی پێکهاتوە،  لە باسی یەکەمدا بە ناونیشانی **ڕۆسۆ و گەڕانەوە بۆ پەروەردەی سروشتی،** کە بەسەر چوار تەوەرەدا دابەشکراوە، هەوڵدراوە بیرۆکەی گەڕانەوە بۆ سروشت وەکو سەرچاوەی سەرەکی زانین و پەروەردەکردنی مرۆڤ شیبکرێتەوە. هەروەها لە باسی دوەمدا، بە ناونیشانی **دیالیکتیکی پەروەردە و زانین لای ڕۆسۆ،** کە بەسەر چوار تەوەردا دابەشکراوە، هەوڵدراوە قۆناغەکانی پەروەردەکردنی منداڵ و فێرخواز لە فەلسەفەی پەروەردەی ڕۆسـۆدا، ڕونبکـرێتەوە. ڕونـە لای ڕۆسـۆ تێگـەی سروشـت پـنـتی یەکەمـە بـۆ ئاراسـتەکردنی فەلسـەفە پەروەردەییەکەی، بۆیە پێش ئەوەی ڕۆسۆ باس لە دیالیکتیکی پەروەردە و زانین بکات، سروشت دەکات بە خاڵی جەوهەری و لێیەوە تیشکی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی پەخشدەکات.

## باسی یەکەم: ڕۆسۆ و گەڕانەوە بۆ پەرەوەردەی سروشتی

### تەوەری یەکەم: ئایدیای گەڕانەوە بۆ سروشت

ئایدیای گەڕانەوە بۆ سروشت، گۆڕانکارییەکی هزرییە بۆ بەرجەستەکردنی هاوسەنگی لە نێوان مرۆڤ و سروشتدا، هەروەها بیرۆکەیەکی فەلسەفی و کولتورییە پەیوەستە بە گەڕانەوە و یەکگرتنی مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا، ئەمەش بە ڕەچاوکردنی ژیانێکی هاوسەنگ لەگەڵ ژینگەدا. لەنێو فەیلەسوف و هزرڤانانی سەدەی هەژدەیەمدا، خواست بۆ هاتنە کایەی ئـەم ئایدیایـە زیاددەبێـت، یـەکێک لـە دیـارترین فەیلەسـوفەکانیش ژان ژاک ڕۆسـۆیە، کـە داوای گەڕانـەوە بـۆ سروشت دەکات. لای ڕۆسۆ، گەڕانەوە بۆ سروشت، گەڕانەوەیە بۆ ئازادی مرۆڤ دژایەتی ڕەهای دەسەڵاتی کەنیسە و دەوڵەتە، هەر بۆیە لە نوسینی کتێبی (پەیمانی کۆمەڵایەتی)دا بەم ڕستەیە کتێبەکەی دەست پێدەکات: "مرۆڤ بە ئازادی لەدایک دەبێت، کەچی لەهەمو شوێنێک کۆت و زنجیر کراوە"(ڕۆسۆ، 2018، XII). واتە مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا خـاوەنی ئازادییە، بـەڵام بـەهۆی کولتـور، نـەریت، پەروەردە و کۆمەڵگە بەگشـتی ئـەو سروشـتە دەشـێوێنرێت و

ئازادی تاکەکەسی لە نێودەچێت، هەر ئەمەشە وادەکات ئەو جەخت لە گەڕانەوە بۆ سروشتی مرۆیی بکاتەوە. ڕون و ئاشکرایە، کە هۆکاری دەرکەوتنی بزوتنەوەی سروشتگەرایی (Naturalism)، دەگەڕێتەوە بۆ بزاڤی "ڕۆشنگەری(Enlightenment)، بەواتەیەکی دیکە، بزاڤی ڕۆشنگەریی ڕێگەی خۆشکرد بۆ دەرکەوتنی بزوتنەوەی سروشتگەرایی. ڕۆشنگەری لە نیوەی دوەمی سەدەی هەژدەیەمدا، سەرەتا لە فەرەنسا دەرکەوت، پاشان بە شێوەیەکی سنوردار، بۆ ئەڵمانیا گوازرایەوە. ڕۆسۆ یەکەم پێشەنگی سروشتگەرایی و بونیادنەری بنەما و پرەنسیپەکانی بو. ئەم بزوتنەوەیە، لەسەر بەرزڕاگرتنی سروشتی ماددی و سروشتی مرۆیی دامەزراوە، بانگەشە بۆ ژیانی سروشتی دەکات و بە جۆرێک لە جۆرەکان لە هەوڵی کەمکردنەوەی بایەخی شارستانییەتی ئەو سەردەم بوە، بانگەشە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە و دوبارە بونیادنانەوەی ئاین و سۆز و هەستە مرۆییەکان و باوەڕبون بە سروشتی چاکی مرۆڤ دەکات، هەروەها بەپێویستزانینی پەروەردەکردنی منداڵ بەو شێوەیەی کە لەگەڵ سروشت، مەیل و پێداویستییەکانی ئەو سەردەم بگونجێت و لەگەڵ یاساکانی سروشت هەماهەنگ بێت"(الشیبانی، 1971، 152).

**تەوەری دوەم: تێگەی سروشت لە دیدی فەلسەفییەوە**

سروشت هەر لە کۆنەوە بابەتی تێڕامان و بیرکردنەوەی فەلسەفیی بوە، بەوپێیەی فەیلەسوفەکان پرسیارەکانیان لە بارەی سەرچاوەی یەکەمی بون و هۆشیاری مرۆڤ و پەیوەندییەکەی لەگەڵ سروشت دەخەنەڕو، لێرەوە دەتوانرێت بگوترێت، کە فەلسەفەی سروشتی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و سروشت. "فەلسەفەی سروشتی لە بیرۆکەی (گەڕانەوە بۆ سروشت)ەوە دەستپێدەکات، چونکە سروشت باشترین شوێن و ژینگەیە مرۆڤ تێیدا بەئازادی و سەربەخۆیی بژی، بەپێی ئەم تێڕوانینە هەرشتێک سروشتی بێت، ئەوا خاوەن خەسڵەتی پاکی و بێگەردییە"(محەممەد، 2008، 185)، سروشتخوازیی، ڕەوتێکی فراوانە لەمێژوی فەلسەفەدا، لە یۆنانی دێرینەوە تا سەردەمی نوێ، سیستەمێکی فەلسەفییە پشت بە سروشت و یەکێک لە توخمەکانی یان چەند توخمێک دەبەستێت، بۆ ڕونکردنەوەی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەدیاردە سروشتییەکاندا ڕودەدات، یاخود بۆ ڕونکردنەوەی ئەو هەمەجۆرییەی کە لە ئەنجامدا دێتەئاراوە، لە جیهانی سروشتی و کۆمەڵایەتی و ئاکارییدا، بە واتەیەکی تر، سروشت ڕاستییەکی بەڵگەنەویستە لەم گەردونەدا، مرۆڤ و ژیانیش بەشێکن لە سروشت. " فەلسەفەی سروشتی هەمو شتێکی بەرز و ڕۆحانی، کە لە عەقڵ، سروشت، مرۆڤ، ئەزمون و فەلسەفە بەرزترە، دوردەخاتەوە"(الیماني، 2004،80)، بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری فەلسەفەی سروشتی، پێویستە لەسەر فۆرمەکانی بوەستین، کە خۆی دەبینێتەوە لە فۆرمی کۆن و نوێ، فۆرمی کۆنی فەلسەفەی سروشتی دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، کاتێک بەر لە سۆکرات و پلاتۆن دو قوتابخانەی سروشتی دەرکەوتن، کە دەکرێت وەک پاڵنەر و هێزی بزوێنەری فۆرمی نوێی فەلسەفەی سروشتی دابنرێن. " قوتابخانەی سروشتی یەکەم کە چوار فەیلەسوفی لەخۆگرتبو، یەکەمیان (تالیس 624-546 پ.ز)ی ماڵتایی، کە وەک دامەزرێنەری فەلسەفەی یۆنانی بەناوبانگبوە و هەوڵیداوە بەشێوەیەکی عەقڵانی لەبارەی دروستبونی جیهانەوە بدوێ، ئەو بنچینە و بنەمای هەمو شتێک دەگەڕێنێتەوە بۆ یەک بنەمای سروشتی کە ئاو-ە" (الحنفی، 2010، 841)، هەروەها دوەم فەیلەسوفی ماڵتایی، "ئەنێکسمەندەر(610-547 پ-ز) لەو بڕوایەدایە کە هەوێنەکە ماددەیە، بەڵام ئەم هەوێنە دیارینەکراوە و بێسنور و بێڕوخسارە، دەشێت ئاسن، ئاو، هەوا، یاخود شتێکی دیکە بێت، کە بە یۆنانی ئەپیرۆنی پێدەگوترێت، هەمو شتێک لەم ئەپیرۆنەوە دروست دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ ئەم سەرچاوەیە، هەروەها (ئەنێکسیمانس 588-524 پ.ز)ـ سەرچاوە و بنەڕەتی شتەکان دەگێڕێتەوە بۆ هەوا، لای ئەو هەوێنی بونی هەمو شتێک: هەوایە، ئەم هەوایەش بە چەند چەشنێک دەگۆڕدرێ، کە هۆیەکەی خەستبون و سوکبونە، کاتێک هەوا

سوکدەبێت، دەبێت بە ئاگر، کە خەستیشبو ئاوی لێدروستدەبێت و ئاوەکەش گڵ و بەردی لێوەپەیدادەبێت، زەوی وەک سفرەیەک وایە و هەوا دەوری هەمو شتێکیداوە" (عەزیز، 2005، 94-97)، چوارەمین فەیلەسوفی قوتابخانە سروشتییەکە " هیراکلیتیسی فەیلەسوفی گۆڕان-ە، کە ئاگر بە یەکەم توخمی سروشتی دادەنێت، ئەم جیهانە کە بۆ هەموان هەر یەک شتە، نەخواکان دروستیان کردوە و نە مرۆڤەکان، بەڵکو تەنیا یەک ئاگری نەمر هەبوە و ئێستاش هەر هەیە و هەمیشەش دەمێنێتەوە، ئەم ئاگرە هەندێکی بەردەوام گەشە و هەندێکی تری دەکوژێتەوە"(راسێل، 2011، 99).

دوەم قوتابخانەی سروشتی "فەیلەسوفانی فەلسەفەی فیزیک و ئەتۆمیزم بون، (ئەمپادۆکلیس 490-430 پ.ز) لە مەسەلەی سروشتدا لەو باوەڕەدابوە کە سەرچاوەی هەوێنی بون چوار شتە (ئاو، هەوا، ئاگر و گڵ) وەک زانراوە لەلایەن فەیلەسوفانی ئایۆنیاوە باس لە سێ کەرەسەکەی ئاو و هەوا و ئاگر کراوە، وەلێ ئەم گڵی خستەسەر بە لای ئەمەوە ئەم بنچینانە ئافەریدەنەکراون و دەبێژێت ئەوەی نەبوە هەرگیز نابێ و نایەتەکایەوە، ئەوەی هەیە هەرگیز تێکناچێت"(عەزیز، 2005، 138). هەرچی فەیلەسوفی ئەتۆمیزم (دیمۆکریتس 460- 370 پ.ز) بەبڕوای ئەو گەردون لە ئەتۆم پێکهاتوە، ئەو ئەتۆمانە بچوکن بەچاو نابینرێن، لە ژماردن نایەن و لە چۆنیەتییدا لەیەک دەچن و لە شێوە و پلە و جێگادا لەیەکتری جیاوازن، ئەم ئەتۆمانە سەرەتا و کۆتاییان نییە و هەر هەبون و هەر دەمێنن، بزوتنەوە و یەکگرتن و جیابونەوەی ئەم شتە وردیلانە (ئەتۆم) هۆی دروستبون و گۆڕانی شێوەی شتن" (بریهێیە، 2007، 130-131).

ئەم دو وێنەیەی فەلسەفەی سروشتی، ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوە لە گۆڕینی ڕێباز لە چیرۆکە ئەفسانەییەکانەوە بۆ دامەزراندنی بناغەی زانستی سروشتی، کە لێیەوە کۆمەڵێک پرسیاری بنەڕەتی هاتنەکایەوە سەبارەت بە سروشت چییە؟ گەردون چۆن لەکاردایە؟ بەشێوەیەکی گشتی ئەم قوتابخانانە بونە هۆی دروستبونی بنەمای فەلسەفە و زانست، کە کاریگەرییەکەیان بۆ دواتر بەجێهیشتوە تا سەدەی هەژدەهەم، ئینجا لەسەردەستی ڕۆسۆ وێنەیەکی دیکەی نوێی فەلسەفەی سروشتی سەرهەڵدەدات.

**تەوەرەی سێیەم: دیالیکتیکی سروشت و زانست لای ژان ژاک ڕۆسۆ**

وەک پێشتر ڕونمانکردەوە، بنەما و پنتی ئاراستەکە دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی کۆن و لە هەگبەی فەیلەسوفە سروشتییە کۆنەکانەوە سەرچاوەی گرتبو، بەڵام لەسەدەی هەژدەدا، وەک زەرورەت و پەرچەکردارێک بە دژی فەلسەفەی پێشتر و فەیلەسوفان دەرکەوت، کە دەشێت ناوی شۆرش یان بزوتنەوەیەکی فەلسەفی و زانستی نوێی لێبنرێت، ئەم ئاراستەیە زیاتر جەختکردنبو لەسەر گرنگیدان بە ئێستای مرۆڤ نەک ڕابردوەکەی، کارکردن بۆ بونیادنانی کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی لەسەر بنەمای یەکسانی و دادپەروەری، نەک بونیادنان لەسەر بنەمای سەپاندنی دەسەڵات و تاریکی. کاتێک باس لە فەلسەفەی سروشتی دەکرێت، ئەوا یەکسەر ناوی ڕۆسۆ دەخرێتەڕو، هەردو لا بە یەکتری دەبەسترێنەوە، چونکە یەکەم داواکاری ڕۆسۆ ئەوەیە (بگەڕێنەوە بۆ سروشت)، چونکە بە بۆچونی ئەو سروشت سەرچاوەی هەمو ژیانە و لەباوەشی سروشتدابون، خێر و چاکە و ڕاستییە، "ڕۆسۆ بناغەی فەلسەفەی سروشتی نوێی دانا و تەلارسازی لە هزرەکەدا کرد و وەک یەکەم کەس لەسەدەی هەژدەهەمدا بە مەیلی فەلسەفەی پەروەردەییەوە دەرکەوت و وەک زەرورەتێک داوای شوێنکەوتنی سروشتیکرد لە هەمو شتێکدا" (الفرحان، 1999، 115)، سروشت وەک پنت و وەک بنەمای یەکەمی هەمو بون و ڕاستی و چاکە، "ئەو پێیوابو کە هەمو شتێک تێکچوە و بانگەوازی بۆ دوبارە ڕێکخستنەوەی ژیان و کۆمەڵگە و تەنانەت بونیادنانەوەی ئاین کرد، بەشێوەیەک کە

لەگــەڵ سروشــتی مرۆڤــدا بگونجێــت، بــاوەڕبون بــە مــرۆڤ و هەســت و ســۆزەکانی و مــاف و سروشــت باشییەکەی"(الشـیبانی، 1971، 154). دەکرێـت بگوترێـت، گەڕانـەوە بـۆ سروشـت لـە لای ڕۆسـۆ پەیوەسـتە بـەو تێڕوانینـەی کە بۆ دۆخی سروشتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەیبو لە سەردەمانی کۆندا، کە بونیادنرابو لەسەر چاکە و ڕەسەنایەتی، ئەو دۆخە مرۆڤییانەی کە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان دروستیان کردبو بەرز و مەزن و بێڕق و ئیرەییبو، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی خاوەندارێتی تاکەکەسی و گەشەکردنی مرۆڤایەتی و شێوازەکانی پەیوەندی و حوکمڕانی نوێ، ئەوا مرۆڤایەتی لە دۆخی پاکی و ئازادییەوە بۆ دۆخی کۆیلایەتی و زوڵم گۆڕا.

ڕۆسۆ لە "گوتاری ئایا بوژانەوەی زانست و هونەر یارمەتیدەری لایەنی ئاکاری بوە، زیاتر لەم بابەتە دەدوێت و پێیوایە چیتر هاورێیەتی دلسۆزانە بونی نییە، ڕێزی ڕاستەقینە و متمانەی بونیادنراو لە ئارادانەماوە، گومان، ترس، سێبەر، ساردی و خۆپارێزی، ڕق و خیانەت، بەردەوام لەژێر ئەم پەردە فریودەرەی یەکسانی و شارستانییەت خۆیان دەشارنەوە"(Rousseau,2011, 10)، واتە ئەو شارستانییەتەی کە مرۆڤ پێیگەیشتوە، شیاوی ڕەخنە و لەسەرڕوەستانە و پڕیەتی لە کەموکورتی، بە تایبەتی لەسەدەی هەژدەهەمدا، کە سروشتی مرۆڤ بە خراپەکار و شەڕانگێز دادەنرا و "بەهەندوەرنەگرتنی منداڵی مرۆڤ و لایەنە ویژدانی و سۆزدارییەکان، پشتگوێخستنی سەربەستی و مافەکان"(محەممەد، 2008، 184). ڕۆسۆ ڕونیدەکاتەوە، کە دەیەوێت دۆخێکی مامناوەند لە نێوان دۆخی سروشتی و دۆخی کۆمەڵایەتی شارستانیی پەسەندبکات، کە تێیدا خەڵک هەوڵی پاراستنی سادەیی و سودەکانی سروشتبدەن،" ئەو نایەوێت کۆمەڵگەی ئێستای گەندەڵکراو، بگەڕێنێتەوە بۆ دۆخی سروشتی، ئەمە کاری نەکردەیە و کۆمەڵگە بەم فۆرمە خۆی سەپاندوە و دەبێت بە ناچاری لەنێویدابین، بەڵام ئەو ستاییشی مرۆڤی سروشتی پاکدەکات و باس لەو دۆخە ناوەندییە دەکات کە تێیدا یەکسانی زاڵە"(روسو، 2013، 8). لەلایەکی دیکەوە، نیشاندەرە گرنگەکانی ژیانی ڕۆسۆ هەر لەسەرەتای لە دایکبونییەوە تا کۆتایی بنەمایەکن بۆ گەڕانەوە و مەیل بۆ سروشت، دەبینین ڕۆسۆ لەگەڵ هاتنە نێو سروشت بێبەزەییانە دایکی دەمرێت، ئەمە تا کۆتایی ژیانی هەم برینێکی سارێژنەبو بو، هەم پاڵنەر و هێزی گەڕانبو بۆی، یەکێکی تر لە نیشاندەرە گرنگەکان، کە دواتر هەڵوێستە پەروەردەییەکانی لەسەر پەخشدەکات، ئەوەیە " لە تەمەنی دە ساڵیدا، لەگەڵ کوڕە خاڵەکەی دەچێتە قوتابخانە لە گوندی (بوسی)، ئەم ژینگەیە هەلی بۆ ڕەخساند کە پەیوەندی لەگەڵ سروشت دروستبکات و لە نێو سروشتدا بژی، لەوێوە حەز و شەیدای هونەری هەڵکۆلین لەسەر درەخت و ئاوێزانی سروشت و جوانییەکەی بوە"(الفرحان، 1999، 117)، مرۆڤی گوند، جوانبینتر و ئاکار باشترە، هەربۆیە "بونی ژینگەی گوند بە بەراورد بە شار، هۆکارە بۆ کەمترین ئاستی گەندەڵی خەڵک"(Noddigs,2018, 11)، ئەم ڕوانینە سەبارەت بە سروشت و لایەنگری مرۆڤی نێو سروشت بە ڕونی ڕەنگیداوەتەوە. چەمکی سروشت دەبێتە هۆی دانانی بەردی بناغەی تێگەیشتنێکی قوڵ لە ڕەهەندەکان و ئاراستەکانی تیۆری پەروەردە لای ڕۆسۆ، بە جۆرێک سێ دەرکەوتن لە چەمکی سروشتدا دیاری دەکات کە "یەکەمیان وێنەی گەردونە، سروشت بەپێی ئەم بۆچونە دەرکەوتنێکی گەردونییە لە کات و شوێندا زەوی و تەواوی ئەوەی لەسەری هەیە و ئاسمان و هەسارەکان سنوری هەرەبەرزی چەمکی سروشت پێکدەهێنن"(خطاطبة، 2022، 18)، بەو واتەیەی فیزیک و مێتافیزیک بەشێکی جەوهەری چەمکی سروشتە، "دوەمیان بریتییە لە جیهانی ناوەوەی مرۆڤ کە تەواوی غەریزەکان و مەیلە ڕەسەنەکان و ئەوەی لەسەری ڕاهاتوە لە هێزە ناوەکییەکان کە سروشت پێیداوە، چەمکی سروشتی مرۆڤایەتی دەنوێنێت، کە ئەمە بەرهەمی سروشتە، سێیەم چەمک پەیوەندی بە لایەنی کۆمەڵایەتی و بونی مرۆڤەوە هەیە، بە بۆچونی ڕۆسۆ مرۆڤایەتی لەسەردەمی کۆندا ژیانێکی سروشتییانەی باشتری هەبوە" (وطفة، 2015، 10).

پێشکەوتنی زانست و هونەر لەگەڵ ئەوەی ڕوکارێکی جوانیان هەیە، بەڵام لە جەوهەردا یارمەتیدەرن بۆ گەندەڵکردنی ئاکاری مرۆڤایەتی و لەناو بردنی ڕەسەنایەتی و سادەیی سروشتی، ئەو بە ڕونی کاری لەسەر خستنەڕوی بیرۆکەکانی کردوە، کە دواتر بون بە بنەمای فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و پەروەردەیی، ڕەخنەی لە شارستانییەت و زێدەڕۆیی جیهانی نوێ گرت. "ئەو دەبێژێت: مرۆڤ لە کۆمەڵگەی سەرەتاییدا ئازادیەکی ڕەهای هەبوە و هیچ یاسایەک نەبوە کە چوارچێوە بەندیبکات و ئازادییەکانی سنورداربکات، بەڵام دوای نیشتەجێبون و پەیدابونی شار و ژیانی شارستانێتی و هاتنەکایەی دەوڵەت، دۆخەکە گۆڕانکاریی بەسەرداهاتوە و ڕۆژبەڕۆژ لە لایەن دەوڵەتە جیاجیاکانەوە سنوری ئازادی مرۆڤ زیاتر بەرتەسکراوەتەوە، بۆیە هێنانەدی سیستەمێکی دادوەرانە بۆ چارەسەرکردنی دۆخەکە بەپێویستزانراوە، کە بریتیبێت لە هاتنەکایەی گرێبەستێک لە نێوان دەسەڵاتی سیاسی و هاووڵاتیاندا" (عەولا، 2024، 752)، ئەم گرێبەستەش خۆی دەبینێتەوە لە ڕاسپاردە و بۆچونەکانی، لە ژێر ناوی (پەیمانی کۆمەڵایەتی)، کە دواتر بە ئینجیلی شۆڕشی فەرەنسی ناودەبرا.

**تەوەری چوارەم: پرسی سروشتی منداڵ و کۆمەڵ:**

ڕۆسۆ دەبێژێت: "سروشت مرۆڤی بە چاک و پاک خوڵقاندوە، کەچی کۆمەڵ، چەوت و خواری کردوە، سروشت مرۆڤی سەربەست خوڵقاندوە، بەڵام کۆمەڵگە کۆیلەی لێدروستکردوە، سروشت مرۆڤی بەختەوەر خوڵقاندوە کەچی کۆمەڵگە چارەڕەشیکردوە، ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە پەیوەندیی کۆمەڵگە بە سروشتەوە، وەک پەیوەندیی نێوان چاکە و خراپەیە"(ڕۆسۆ، 2020، 9)، لێرەوە دەکەوینەوە بەر ئەو بۆچونەی ئایا مرۆڤ بە سروشت چاکە یان خراپ؟ یاخود خاوەنی هەردو هێزەکەیە، چاک و خراپ، پەروەردە و کۆمەڵگە چەندە ڕۆڵیان هەیە لە چاک و خراپکردنی مرۆڤ، بەڵام وەک دەبینین بۆچونی ڕۆسۆ لەم بارەیەوە ڕونە. "ڕۆسۆ لە سیستەمە پەروەردەییەکەییدا داکۆکی لە پەروەردەیەکی سروشتییانە دەکات، بەشێوەیەک، گەڕانەوە بۆ سروشت دەکات بە بەردی بناغەی دەستپێکردنی پەروەردەکردن، لە کتێبە پەروەردەییە بەناوبانگەکەیدا "ئێمیل" باس لەپەروەردەکردنی منداڵێکی ساوا بە ناوی "ئێمیل" دەکات، تا پێگەیشتن و گەیاندنی بە گەنجێکی کامڵ و تەواو و حەقیقەتزان، بە شێوەیەک دوربێت لە گەندەڵی" (خەلیل، 2022، 65)، ئەو لە دەستپێکی ئێمیل دا بەم شێوەیە دێتەگۆ " هەمو شتێک بە باشی لە دەستی دروستکەری شتەکان دێتە دەرەوە، هەمو شتێک لە دەستی مرۆڤدا خراپ دەبێت، ئەو دەیەوێت کێڵگەیەک ناچاربکات بەرهەمی زەویەکی دیکە ڕەنێوبێنێ، دارێک میوەی دارێکی تر بگرێت، کەشوهەوا و توخمەکان و وەرزەکان تێکەڵبکات، تەنانەت کاردەکات بۆ شێواندنی سەگ و ئەسپ و کۆیلەکەی، لە هەوڵی ناشیرینکردنی هەمو شتێکە کاردەکات بۆ گۆڕینی فۆرمیان تەنانەت بە مرۆڤیشەوە ئەو بە پێویستی دەزانێ منداڵەکەی هاوشێوەی بەچکە ئەسپێک پەروەردەبکات، کە بە کاری غارغارێن بێت و بە دڵی خۆی ڕایبهێنێت، بەپێی ویستی خۆی لای بکاتەوە، وەک شوڵەدارێکی باخچەکەی" (ڕۆسۆ، 2020، 29)، بەو واتەیەی خودا خۆی چاکە و هەمو شتەکان بە چاکی دروستدەکات، بەڵام مرۆڤ کارسازێکی خراپە و شتە باشەکان خراپ و لار دەکات، "ئەم دەربڕینە ستراتیژییەکی تیۆری دەردەخات، کە تیۆری سروشتی خۆی لەسەر بونیاددەنێت، لە پەروەردە و ژیاندا، کە جەوهەرەکەی بریتییە لە: سروشت چاکە و مرۆڤ تێکیدەدات"(وطفة، 2015، 11)، بۆیە زەرورەتی پەروەردە دێتەکایە، بۆ ئەوەی چاودێری منداڵ بکرێت و ڕادەستی چارەنوس و بارودۆخ نەکرێت، "چونکە بیروباوەڕی کۆنە پەرستی، لاسایکردنەوە ڕۆڵ و کاریگەرییان بنەما و کولتورە سروشتییەکانی منداڵ لەناودەبەن، منداڵ هەم لە ڕوی جەستەیی و هەم لە ڕوی دەرونی لە سەرەتادا لاوازە، بۆیە کاتێک لەدایکدەبێت، لە بێچوی تەواوی گیانلەبەرانی دیکە بێهێزترە و پێویستی بە یارمەتی و چاودێری زۆر هەیە"(خەلیل، 2022، 65)، دایک و

باوک زیاتر دەتوانن سۆزی سروشتی پێویست بە منداڵ ببەخشن لەپێناوی گەشەی مرۆڤانە و ئاکارییانە بەشێوەیەکی سروشتی، باوک مامۆستای یەکەم و دایک دایەنیەتی، ڕۆسۆ پایەی دایک بەرزدەکاتەوە لە پرۆسەی پەروەردەدا بە جەختکردنەوەی لەسەر ڕۆڵی دایک بە گوتنی: " ئەگەر دەتانەوێت هەر کەسێک ئەرکەکانی خۆی بە باشی ڕاپەڕێنێت، دەبێت لە دایکانەوە دەست پێبکەن، دەرئەنجام سەرسام دەبن لەو گۆڕانکارییانەی کە دروستیدەکەن" (ڕۆسۆ، 2020، 52).

لە مامەڵە لەگەڵ منداڵدا، ڕۆسۆ ورد و وەستایانە ڕوانیویەتی، بە نمونە، ئەو دژی ئەوەیە کە منداڵ لە مەلۆتکەدا دەپێچرێتەوە. پێیوایە ئەمە یەکەم کۆت و بەندی کۆمەڵایەتییە، منداڵ لە منداڵدانی دایکیدا ئازادبوە و پێویستە دوای لەدایکبونیش سەربەست و ئازادبێت، ئەمە جگە لەوەی کە ئەم پێچانەوە و گوشینە بۆی هەیە زیانی تەندروستی لێبکەوێتەوە، لەوانەیە سوڕی خوێن بە باشی جوڵە نەکات، یاخود "هەندێ لە مامانەکان سەری منداڵ دەگوشن بۆ ئەوەی شێوەیەکی تر وەربگرێت، دایک و باوکی منداڵیش بەوە ڕازی دەبن، وەک ئەوەی خولقێنەری جیهان جەستە و شێوەی ئێمەی بە باشی دروستنەکردبێت"(ڕۆسۆ، 2020، 46). کەواتە، پێویستە کەشێکی گونجاو بۆ منداڵ دروستبکرێت بە تایبەت ئاشناکردنی بە سروشت و ژینگەی دەرەوە دور لە چواردیواری ژورەکەی، ڕەخساندنی چالاکی هەمەجۆر وەک یاریکردن دەبێتە هۆی ئەوەی جەستە و ئەندامەکانی لەشی بەهێزبێت، چونکە "تیڕوانینی ڕۆسۆ ورد و تیژبوە سەبارەت بە سروشت و بونیادی مرۆڤ، لەوە دڵنیابوە کە پەروەردەی ناتەندروست سەرچاوەی خراپە و گەندەڵی نێو کۆمەڵگەیە، بۆیە ئەگەر مەبەست و ئامانجێک لە چاکسازی لەئارادایە، ئەوا پێویستە لە هەنگاوی یەکەمەوە دروست دەستپێبکرێت، پەروەردەی منداڵ بەردی بناغەی بونیادنانی کۆمەڵگە و داهاتویەکەیەتی، هەروەک چۆن لە نێو ئێمەی کورددا باوە (بەردی یەکەم، کە داینا وەستا لار.... تا ئاسمان دەڕوا دیوار خوار) " (خەلیل، 2022، 66).

ژیانکردن لە ئامێزی سروشتدا دەبێتە پاڵنەرێک بۆ ئەنجامدانی کاری ڕاست، "پەروەردەی منداڵی بچوک دەبێت تەواو نەرێنیبێت، نابێت پێکهاتبێت لە چاندنی چاکە و ڕاستی، بەڵکو پاراستنی دڵە لە خراپە و هزرە لە هەڵە، دەبێت لە سەرەتادا هەوڵنەدرێت بۆ چالاککردنی هزر، بەڵکو ڕاهێنانبکرێت لەسەر جەستە و هەستەکان"(52 ، 1975&1976، P. M) بە واتەی ڕۆسۆ نەیاری ئەو بیرکردنەوەیەیە لە بەرانبەر منداڵ کە وەک پێشتر دەخرایە بەر فێربونی قورسی هزری و ناچار بە بیرکردنەوە دەکراو دەرگای ئاوەڵابونی لێدەگیرا، بۆیە " لەکاتی مامەڵکردن لەگەڵ منداڵەکانمان دەبێت شارەزایی جێگەی یاسا، داب و نەریتی کۆمەڵایەتی بگرێتەوە، ڕۆسۆ دەڵێت مەهێڵە منداڵ شتێکی دەستبکەوێت لەبەرئەوەی دەیەوێت، بەڵکو دەبێت لەبەر ئەوەبێت کە پێویستی پێیەتی، نابێت فێری ملکەچکردنبێت، هەروەها نابێت لەڕێگەی کارکردنی دەوروبەر بۆی فێری مانای دەسەڵاتبێت، بەڵکو دەبێت لە ڕێگەی کارکردنی خۆی و کارکردنی دەوروبەرەوە فێری مانای سەربەستیبێت و نرخی بزانێت" (قەرەچەتانی، 2016، 26)، سەربەخۆیی و ئازادی منداڵان لە پرۆسەی پەروەردە و فێربوندا لایەنێکی گرنگە، "نابێت بە ناوی پەروەردەکردن و کۆمەڵایەتیبونەوە مەیل و ئارەزوی منداڵان پێشێلبکرێت و ئازادی لێزەوتبکرێت، بەڵکو دەبێت وازیان لێبهێندرێت و خۆیان ئەزمون لە ژیاندا پەیدابکەن و سود لە هەڵە و چەوتییەکانی خۆیان وەربگرن، منداڵان پێویستە هەست بکەن کە ئەو خاوەنی بڕیار و هەڵبژاردنە، فێربون دەرئەنجامی هەستی ئازادانەی خۆی بێت نەک ڕێگەپێدانی گەورەکان، چونکە نەوەیەک بەم شێوەیە پەروەردەبکرێت، دەبێتە باشترین نەوە بۆ کۆمەڵگە لە داهاتودا" (عەوڵا، 2024، 750)، گەر بە وردی بڕوانین، دەبینین "ڕۆسۆ ڕۆڵی سروشت تاقیدەکاتەوە، سروشت لەجێی ئەوەی یەکێکبێت لە پرەنسیپەکان، دەبێت بە تاکە

پرەنسیپ، بە واتەی لای ڕۆسۆ سروشت دەبێتە سەرچاوە و بناغە، بۆ پەروەردەکردنی منداڵ، ئەم بایەخپێدانەی تاکو ببێتە مرۆڤێکی سروشتی لە کۆمەڵگەیەکی ناسروشتیدا" (ڕەفیق، 2006، 317-318).

### باسی دوەم: دیالیکتیکی پەروەردە و زانین

یەکێک لە گرفتەکانی پەروەردەی کلاسیک، بریتیبو لەوەی، کە منداڵی وەک گەورەیەکی بچوککراوە سەیردەکرد. کاتێک ڕۆسۆ بیرۆکە نایاب و تازەکانی خۆی لەڕێگەی کتێبی (ئێمیل)ەوە خستە ڕو، بوە هۆی گۆرانکاری بنەڕەتی لە بارودۆخی پەروەردە و پەروەردەکاری و فێرکردندا، "پەروەردە لای ڕۆسۆ پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و سادە نیە، پێویستە پەروەردەکار ئاگایی لەمەڕ بنەماکان و مەرج و ئامانجی کۆتایی پرۆسەی پەروەردە هەبێت، ڕێزگرتن لە منداڵ و کارکردن بۆ هێنانەکایەی پێداویستییە پێویستییەکان، مەرجی پەروەردەی دروست و سەرکەوتوە، پەروەردە لای ڕۆسۆ وا لەپەروەردەکار دەخوازێت کە کاتی گونجاو بۆ هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی پەروەردە هەڵبژێرێت، نابێت قۆناغێک بخرێتە پێش قۆناغێکی دیکە، یان لایەنێکی کەسایەتی لەسەر لایەنێکی دیکە زاڵبکرێت، ڕەخنەی ڕۆسۆ لە پەروەردەی نەریتی ئەوەبو بە هەڵە لە چەمکی پەروەردە و ئامانجەکەی تێگەیشتبون، بەوەی کاتێک لایەنی عەقڵییان کردوە بە بنەمای هەمو پرۆسەیەکی پەروەردەیی، یان فێرکاری، بەبێ ڕەچاوکردنی دۆخ و تەمەن و کات، ئامانجی پەروەردە لای ڕۆسۆ دروستکردنی کەسایەتیەکی هاوسەنگ و تەواوە، بەوەی کە مرۆڤێکی باش و هاووڵاتییەکی باش و تێکەڵبون بە ژیان و کۆمەڵگەی هەبێت" (کریم، 2024، 18)، بە تێڕوانین لە کتێبی ئێمیل، دەردەکەوێت کە پەروەردە چەندین واتای وەرگرتوە، هەر واتایەکیش لەگەڵ ئەو قۆناغەی تەمەندا دەگونجێت کە ئێمیل پێیدا تێپەڕدەبێت لەگشتیدا، "ڕۆسۆ پەروەردەی بەسەر دو بەشدا دابەشکرد، بەشی یەکەمیان باس لە قۆناغەکانی ژیانکردنی منداڵەکە ئێمیل دەکات، بەشی دوەمیان تایبەتە بە پەروەردەی ژن، یاخود سۆفیا، هاوسەری ئێمیل" (سعيد، 2020، 33)، قۆناغەکانیش دابەشکراون بەسەر چەند ساڵێکدا، "قۆناغی یەکەم لە (لەدایکبونەوە تاکو 5)ساڵی، پرۆسەی ئامادەکاری سەرەتاییە بۆ منداڵ، پەروەردەکردن لەم قۆناغەدا ئامادەکاری جەستەیە، لە قۆناغی دوەمدا لە(5- 12) ساڵی ڕاهێنانی هەستەکانە لە ڕێگەی بەرکەوتن بە دیاردەکانی سروشت، چەمکی پەروەردە لە قۆناغی سێیەمدا لە (12 بۆ 15) ساڵی مەیلی زانین و شکاندنی تینوێتی ئێمیلە بۆ زانست، قۆناغی چوارەمیش( 15-20) ساڵی، ئامادەکردنی ئێمیلە بۆ ژیانکردن لەگەڵ کەسانی دیکە" (الفرحان، 1999، 130).

"بەشی دوەمی پەروەردەی ڕۆسۆ لە کتێبی ئێمیل، لەبارەی پەروەردە و ڕۆڵی ژنەوەیە، ئەم بەشە بە لاوازترین خاڵی هزریی ڕۆسۆ دادەنرێت، چونکە بە چاوێکی یەکسان تەماشای ژن و پیاو ناکات، لای ئەو ژن کەسایەتی نییە و ئەرکی ڕازیکردنی پیاوە، ژیانی بە تەواوی لە ژیانی پیاودا بەرجەستەبوە، گرنگترین شتێک کە بیکات ڕاهێنانی جەستەیە بۆ ئەوەی بونیادێکی بەهێزی هەبێت بۆ هەڵگرتنی منداڵ، لەگەڵیدا گۆرانی بڵێت و سەما بکات بۆ ئەوەی پیاوەکەی ڕازیبکات و ببێتە هۆی بەختەوەربونی" (بدرخان، 2015، 335). لە لای ڕۆسۆ ژن تەواوکەری پیاوە، سروشتی بایۆلۆژی و سایکۆلۆژییان جیاوازە، هەروەها بۆ ئەوە خوڵقاون کە ڕۆڵی تایبەت بە جێبهێنن لە ڕێگەی پیاوەوە خزمەت بە خێزان و کۆمەڵگە بکەن. هەر بۆیە دەردەکەوێت ،کە لە ئێمیلدا دەست دەکات بە" دامەزراندنی ( یاسای سروشت) وەک ڕۆسۆ ناوی دەبات، کە جەختکردنە لەسەر ڕۆڵە جیاوازەکان بۆ پیاو و ئافرەت کە دیاریکراون بەپێی سروشتییان، پیاوان دەبێت چالاکبن و خاوەنی هێزبن، لەبەرانبەردا دەبێت ئافرەتان ملکەچ و لاوازبن، چونکە ئەوان بە تایبەتی دروستکراون بۆ ڕازیکردنی پیاوان، بەمپێیە و بەپێی یاسای سروشت، سیستەمی پەروەردەیی، ژنان گەڵاڵەکراوە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی پیاوان، بۆ ڕازیکردنیان، بۆ ئەوەی سودبەخشبن بۆیان، خۆیان خۆشەویست و

ڕێزلێگیراوبکەن"(Nima,2025, 1002)، بە تێڕوانین لەم بۆچونە، دەردەکەوێت کە ڕۆسۆ بەجۆرێک لەجۆرەکان دژی ڕا و بۆچونی پێشوی دەوەستێت، چونکە ئەو لە ڕێی پەروەردەوە، ماف بە هەمو کەسێک دەدات کە فێرببێت و خۆی ڕۆشنبیربکات، بەڵام وەک دەردەکەوێت دژ بە فێربون و ڕۆشنبیربونی (سۆفیا) دەوەستێت، کە دەکرێت بگوترێت " بیرۆکەکانی لەمەڕ پەروەردەی ژنان بە قوڵی لە هزرینە پیاوسالارییەکانی فەیلەسوفە یۆنانییەکاندا ڕەگی داکوتابو، هەروەها هاوبەشبو لەو بیروڕایەی کە ژنان بە سروشت لاوازترن، بۆیە سۆفیا دەبێت قەرەبوی ئەم کەموکوڕییەبکاتەوە بە شارەزابون لە لێهاتوی هونەری دڵبردندا ئەم هونەری دڵبردنە دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەی ڕۆسۆ، کە پەروەردەکردنی دڵی ژنە، چونکە تەنها دڵ دەزانێت چۆن خۆشەویستی بکات، ئەمەش ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنی ڕۆسۆیە لە ژنان وەکو کەسایەتییەک، بنەڕەتی سۆزداریی و مەبەست و بەهایان لە کۆمەڵگەدا لە ڕێگەی تواناییان بۆ پەرەپێدانی پەیوەندی سۆزداریی و خۆشەویستی دیاریدەکرێت، پەروەردەی سۆفیا وا گەڵاڵەکراوە کە هەستەکانی بەڕێوەببات و کردارەکانی لەگەڵ چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتیەکان بگونجێت "(Nima,2025, 1002-1004).

دەردەکەوێت کە ئامانجی پەروەردەی ژنان لای ڕۆسۆ، پەرەپێدانی سەربەخۆیی هزری یان توانا دەرونییە باڵاکانیان نییە بەهەمان ڕادەی پیاوان، بەڵکو ئامانجی سەرەکی ئامادەکردنی ژنە بۆ ئەوەی ببن بە دایک و هاوسەری باش، فێرببن چۆن دڵی مێردەکانیان خۆشبکەن و ماڵ بەڕێوەببەن و منداڵ پەروەردەبکەن، ئەو پێیوایە ژنان توانای بیرکردنەوەی فەلسەفییان کەمترە لە پیاو، بۆیە نابێت بارگرانی بکرێن بە خوێندنی قوڵ و زانست و فەلسەفە، بەڵکو دەبێت پەروەردەیان پراکتیکیبێت و ئاراستەی ئەوەبێت کە سودی بۆ ئێستا و داهاتویان هەبێت، گرنگیدان بە فەزیلەتەکانی کۆمەڵایەتی وەک میهرەبانی، نەرم ونیانی، شەرم و ئارامگرتن و گوێڕایەڵی، چونکە ئەمانە وادەکەن بەشێوەیەکی کاریگەر ڕۆڵی خۆیان لە نێو خێزان و کۆمەڵگەدا ئەئەنجام بدەن.

ڕۆسۆ بەپێی کتێبە پەروەردەییەکەی (ئێمیل)، باس لە چۆنیەتیی بنەماکانی زانین دەکات، لە چەند تەوەرەیەکدا تیشک دەخەینەسەر ئەو بنەمایانە و ڕۆڵیان لە پەروەردەدا.

**تەوەری یەکەم: بنەماکانی ئیپستمۆلۆژیا:**

ئیپستیمۆلۆژیای ڕۆسۆ، گرنگیەگیی زۆر دەدات بە هەستەکان وەک بنچینەی زانینی منداڵ و مرۆڤ، دەکرێت بڵێین پێچەوانەی عەقڵگەراکان، کە بایەخیان بە بیرکردنەوە، وەک پنتی یەکەمی زانین دەدا، هەستەکان ڕێگای سەرەکی فێربون و تێگەیشتنن لە خۆمان و جیهانی دەرەوەمان، منداڵان دەبێت لە ڕێگەی بەرکەوتنیان بە پێدراوەکانی نێو سروشت و ژینگەکەیان فێرببن، ئەو پێماندەڵێت، کە یەکەم مامۆستاکانمان بریتین لە هەستەکانمان، هەربۆیەشە لە لای ئەو ئەزمونی جەستەیی، پێش گەشەی عەقڵی دێت."یەکەمین هێزەکان کە لە ئێمەدا بەهێزدەبن، هەستەکانمانن، هەروەها یەکەم شت کە دەبێت گرنگی پێبدەین، پەروەردەکردنی ئەم هەستانەیە و پوختەکردنیانە، چونکە لە ڕاستیدا ئەمانە بە تەواوی پشتگوێخراون، بە تەواوی لەبیرکراون، ئێمە دەبینین منداڵی بچوک دەیەوێت دەست لە هەمو شتێک بدات و دەستکاری بکات و بیگرێت، ئەم چالاکییە بە هیچ شێوەیەک ڕامەگرە، چونکە ئەمە سودی هەیە بۆی، بەکارهێنانی هەستەکان یاخود پشتگوێخستنیان ئایندەی منداڵەکە دیاریدەکات، ئایا دەمانەوێت منداڵەکان زیرەکبن یان گەمژە، چالاک بن یان تەمبەڵ، بیرکەرەوەبن یاخود بێئاگا" (الأبراشي، 1967، 39-40). هەستەکان دەبن بە پنت و بنەمای زانین، بایەخدان بە هەستەکان و بەکارهێنان و ڕاهێنانی منداڵ لەسەر هەستەکان ڕەنگدانەوەی لەسەر لایەنی جەستەیی و هزری بەجێدەهێڵێت. "پەروەردە لە قۆناغی دوەمدا لە تەمەنی پێنجساڵی بۆ دوانزدە ساڵی، کە بە بڕوای ڕۆسۆ ئەم قۆناغە ترسناکترین و گرنگترین قۆناغە لە ژیانی مرۆڤدا، ئێمیل لەم قۆناغەدا نابێت فێری

خوێندنەوەبکرێت، بەڵکو دەبێت سەربەستی تەواو بە ئێمیل بدرێت بۆ ئەوەی لە ڕێگەی هەستەکانی (بینین، بیستن، بۆنکردن، دەستلێدان، چێژتن) لەمەڕ شمەک و هەبوەکانی دەوروبەریەوە فێری ژیان ببێت و شارەزایی دەربارەیان پەیدا بکات" (قەرەچەتانی، 2016، 36)، چونکە منداڵ لە سەرەتای ژیانیدا یادەوەری و خەیاڵی چالاک نین، تەنها ئەوە هەستپێدەکات کە کاریگەریی دەکەنە سەر هەستەکانی، کەواتە "هەستەکانی پنتی یەکەمی زانینی ئەون، لە کاتێکدا کە شتە هەستپێکراوەکان بە سیستەمێکی گونجاو لەبار پێشکەشبکرێت، دەبێت بە ئامادەکاری بۆ یادەوەری تاکو لەدواتردا ڕێکخستنی بۆ بکات و ببێتە هۆی تێگەیشتن، چونکە سەرنجی منداڵ لەسەرەتادا تەنها لەسەر شتە هەستپێکراوەکان سنوردارکراوە، ئەمە بەسە بۆ ئەوەی بە ڕونی پەیوەندی نێوان ئەو هەستپێکراوانەی لەگەڵ ئەو شتانەدا نیشانبدەین، کە هەستیان بزواندوە لە نمونەی ماسک و دەنگی هەورە تریشقە، ئەو حەز دەکات هەمو شتێک دەستلێبدات و هەمو شتێک بجوڵێنێت، بۆیە نابێت دژی ئەم مەیلە بوەستین، بەم ڕێگەیە فێردەبێت و ڕادەهێنرێت، فێردەبێت چۆن هەست بە گەرمی و ساردی و ڕەق و نەرمی و قورسی و سوکی لە تەنەکان بکات، قەبارە و شێوە و هەمو تایبەتمەندییە هەستپێکراوەکان جیادەکاتەوە، چ بە بینین، یان بە دەستلێدان، یان بە هەستکردن، یان بە گوێگرتن، بەتایبەتی بە بەراوردکردنی بینین و دەستلێدان کاتێک بە چاو ئەو هەستە دەخەملێنێت کە لە پەنجەکانیەوە پێیدەگات" (روسو، 2020، 84-85).

ئەم جەختکردنەوەیە لەسەر پەروەردە، لە ڕێگەی هەستەکان، سەبارەت بە ئەزمون و پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەبوەکانی نێو سروشت، دەبێتە هۆی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ شتەکان بەبێ زیادەڕۆیی و ترسانلێیان، "لەم قۆناغەدا، چەمکی پەروەردەی نێگەتیڤ، بەشێوەیەکی ڕون لای ڕۆسۆ دەردەکەوێت بە جۆرێک ئازادی دەدات بە منداڵ، تەنانەت پەروەردەکاریش لەکاتی پێویستدا نەبێت دەستوەردان نەکات، ئەو دەبێژێت: من ڕێبازی سروشتیم لە پەروەردەکردنی فێرخوازەکەمدا گرتۆتەبەر ئەگەر لە جێبەجێکردنیدا هەڵەم نەکردبێت، ئەوا بێگومان سەرکەوتو دەبم، لە ڕێنوێنیکردنی ئەم فێرخوازە لە ڕێگەی شانشینی هەستەکانەوە بۆ سنورەکانی عەقڵی منداڵ" (کریم، 2024، 22). لە میانی بەکارهێنانی هەستەکان، "ڕۆسۆ داوامان لێدەکات بە پوختەکردن و پەروەردەکردنی هەستەکان خەریکبین، ئەو کاتەی کە منداڵ دەستدەکات بە جیاکردنەوەی شتەکان لە یەکتر، پێویستە ئێمە یارمەتیدەربین لە هەڵبژاردنی ئەو یاریانەی کە بۆی گونجاون بە گوێرەی تەمەنی و حەزەکانی، بۆ کوڕ یاری کوڕ و بۆ کچ یاری کچانە هەڵبژێرین، بۆ گەورە یاری بچوک و بۆ بچوک یاری گەورە هەڵنەبژێرین، چونکە بە بۆچونی ڕۆسۆ مەبەست لە ڕاهێنانی هەستەکان تەنها بەکارهێنان نییە، بەڵکو گەیشتنە بە زانین و بڕیاری دروست بۆ تێگەیشتن و تێبینیکردنە، بۆیە ئەو جەخت لەوەدەکاتەوە بە بەکارهێنانی هەمو هەستەکان و گەشەپێدانیان بۆ گەورەترین و زۆرترین ئاست، بەراوردکردن لە نێوان کاریگەرییەکانیان، ئەو دەڵێت بپێوە، ژمێریار بکە، کێشبکە و بەراوردبکە، واتە منداڵ وا لێبکەیت ڕوبەر بزانێت، کێشی قورس لە سوک جیابکاتەوە، بەراورد لەنێوان شتەکان و شێوەکاندابکات، گەر بە باخچەیەکدا تێپەڕی، گرنگە ئەو جوانییە هەڵبسەنگێنێت کە تێیدایە بیربکاتەوە و بکەوێتە بەراوردکاری کە چی بینیوە لە دار و گوڵەکان، لێبگەڕێین خۆی شتەکان شیبکاتەوە، ئەو گوڵانە بژمێرێت کە دارگوڵێک گرتونی، لەلایەکی ترەوە، هەستی بیستن گرنگە لای منداڵ بە بیستنی موزیک و گۆرانی و هۆنراوە و چریکەی باڵندەکان ئاشنابێت، هەوڵبدرێت ئەو شتانە بەر گوێچکەی بکەوێت کە هۆکاری بەهێزبون و گەشەکردنن کە ژیان و خۆشی لە دەروندا دروست دەکەن، دوربێت لەو دەنگانەی کە دەبنە مایەی خەمۆکی و ناڵە و گریان"(الأبراشي، 1967، 41-42). دەشێت ئەم پێداگیریی و سوربونەی ڕۆسۆ لەسەر هەستەکان، وەڵامدانەوەیەکبێت بەرانبەر بە (دێکارت1596- 1650) و (ڤۆڵتێر 1694-1778)ی عەقڵانی، بە لای

ڕۆسۆ، مرۆڤ لە بنەڕەتدا خاوەنی هەست و دڵە، نەک بیر و لۆژیک، هەربۆیە لە ئێمیلدا ئەو داکۆکیدەکات لەوەی کە پەروەردە دەبێت لەسەر بنەمای هەستەکانبێت، پێش ژیری، بە تایبەت لە قۆناغی سەرەتای منداڵیدا دەرگا بۆ پیادەکردنی هەستەکان بکرێتەوە و پەروەردەبکرێن، لەگشتیدا ڕۆسۆ پێیوایە کە پێویستە:

- " گرنگی بدرێت بە لایەنی هەستەکان لە پرۆسەی فێربوندا، "چونکە گەشەی تاک و تەواوبونی کەسایەتی، تەنیا بە لایەنە فکری و عەقڵییەکەی نییە، بەڵکو هەست و سۆز ڕۆڵی گرنگی هەیە لە گەشەی تەندروستی تاک، کەواتە فەلسەفەی سروشت متمانە بەهەستەکان دەکات وەک سەرچاوەی زانین" (بدرخان، 2015، 335).
- " گرنگی بەهای ئەزمونی ڕاستەوخۆ و فێربون لە ڕێی هەستەکان، بە تایبەت لە ساڵەکانی سەرەتای پەروەردەی منداڵدا، ئەمەش بە دیوێکدا گرنگی کتێب و بیرۆکە ئەبستراکتەکانی (مجرد) کەمکردەوە، کە ڕێسایەکی گرنگە لە ڕێساکانی پەروەردەی دەرونی لە فێرکردنی منداڵی بچوکدا" (اليماني، 2004، 87).

"وەرگرتنی ئیرادە لە سروشتەوە، لە ڕێگەی هەستەکان و درککردن بە ڕاستەقینە و جوانی سروشت لە ڕێگەی هەستەکانەوە، هەستەکان سەرچاوەی زانینن بۆ منداڵ" (خطاطبة، 2022، 36).

**تەوەری دوەم: پەیوەندی ئاکار و ئیپستمۆلۆژیا:**

ڕۆسۆ لە چوارچێوەی هزرینەکەیدا، لەمەڕ پەروەردە، پەرەیدا بە لایەنی ئاکاری وەک لایەنێک بۆ تێگەیشتن لە زانین و گەیشتن بە ڕاستی، ئەو بە پێچەوانەی زۆرێک لە بیرمەندانی ڕۆشنگەری ،کە فەزڵیان بە عەقڵ و پێشکەوتنی زانستیدەدا، ئاکاری لە ناوەندی زانینی ڕاستەقینەدا دانا، دەکرێت بە واتایەکی دیکە بڵێین لە دوای هەستەکان دێت و دەکەوێتە پیش زانینی عەقڵی، لە ئیپستیمۆلۆژیای ڕۆسۆدا گەیشتن بە زانین بەدەر لە بنەما ئاکارییەکان دەبێتە هۆی ناڕاستی و خۆفریودان، چونکە ئاکارخراپی، یاخود گەندەڵی ئاکاری توانای تاک بۆ بینینی ڕاستی دەشێوێنێت. لای ڕۆسۆ بابەتی ئاکار پەیوەستە بەو کات و شوێنەی مرۆڤی تێدایە، بە بۆچونی ئەو مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا خاوەن بەها و ئاکاری باشە، بەڵام لە دۆخی شارستانییدا دەبێت بە مرۆڤێکی ئاکار گەندەڵ و خراپ، ئەو جەختدەکاتەوە کە "زانست، ئەدەب و هونەر خراپترین دوژمنی ئاکارن، لەبەر ئەوەی پێویستی دروستدەکەن و دەهێننەکایەوە، دەبن بە سەرچاوەی کۆیلایەتی، چۆن دەکرێت کۆتوزنجیر بخرێتە سەر ئەوانەی کە ڕوت و سادەن وەک مرۆڤە سەرەتاییەکانی ئەمریکا" (رسل، 1977، 291)، ئەو بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی ئاکار لە لای مرۆڤی دۆخی سروشتی و شارستانی، دەبێژێت "مرۆڤ لە دۆخی یەکەمدا لە نێو خۆیدا دەژی، بەڵام لە دۆخی دوەمدا واتا شارستانی، لە دەرەوەی خۆیدا دەژیت، ناسینی ژیان لە ڕێگەی ئەوەی دەیبینێت و ئەوانی ترە کە بڕیاری لەسەر دەدەن، هەمو شتێک بۆ ڕوکار دەگەڕێتەوە و ساختە و دەستکردە، تەنانەت دۆخێکی دەرونی بۆ مرۆڤ دروستدەبێت کە چۆن ئێمە هەمیشە لە ئەوانی دیکە لەبارەی خۆمان دەپرسین، ناوێرین لەبارەی خۆمان لە خۆمان پرسیاربکەین، چونکە ئێمە ڕوکارێکی فریودەرمان هەیە و ڕەنگمانکردوە، خاوەنی عەقڵێکی بێحیکمەت و چێژێکین بەبێ بەختەوەری"(طيبي، 2011، 423)، بێگومان سەرچاوەی بەها و ئاکار گرێدراوەتەوە بە سروشت و ڕاستینەی ژیانی سروشتیەوە، زانینیش پێش ئەوەی لەسەر عەقڵ بونیادبنرێت، لەسەر هەست و ئاکار بونیاددەنرێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی سروشت دەگۆڕدرێت، ئەوا بەهاکانیش دەگۆڕێن، بەپێی بارودۆخە سروشتییەکان، "بە بۆچونی ڕۆسۆ لە ماوەی سەرەتای ژیانی مرۆڤدا، بەهاکان بونیان نییە، تاکو تەمەنی پانزدە ساڵی، چونکە بەر لەو تەمەنە ئارەزوەکان گرنگن، بەڵام لە دوای ئەو تەمەنەوە زەرورەتی بەهاکان دێتەکایەوە، بە تایبەت بەها ئاکاریی و ئاینییەکان، چونکە ئیدی ئامادە دەبێت بۆ تێکەڵبون لەگەڵ کۆمەڵگە و کەسانی تر" (خطاطبة، 2022، 57-58).

قۆناغی پەروەردەیی ئاكاری، دوەم قۆناغە كە منداڵ پێیدا تیدەپەڕێت، ئیتر بە جۆرێک لە جۆرەكان، منداڵی یان بچوكی كۆتاییدێت و دەچێتە قۆناغێكی تر و ژیانێكی نوێوە، هەربۆیە بە بۆچونی ڕۆسۆ لەگەڵ گەشەی جەستە و هێزیان، "زانینیان گەشەدەكات، بە جۆرێک كە دەتوانن تێڕوانینەكانیان بەكاربهێنن و ئاراستەیان بكەن، بەم شێوەیە ژیانی تاک بە شێوەیەكی وردبینانە دەستپێدەكات، كاتێک ئاگامەندیی ڕوە و خۆ دەستپێدەكات، یادەوەری پاش هەستكردن بە (من) هەمو ساتەكانی ژیانی كۆدەكاتەوە، دەبێتە كەسێكی تۆكمە و یەكگرتو خاوەن خۆبون، لە ئەنجامدا هەست بە خۆشی و ناخۆشی بكات، ئەوا پێویستە وەک بونەوەرێكی ئاكاری تەماشابكرێت" (معوش، 2018، 24)، پەروەردەی سروشتی منداڵ، لە جەستەییەوە پەرەدەسێنێت بەرەو لایەنی دەرونی، بەمەش هەماهەنگی دروست دەبێت لە نێوان ڕوح و جەستەدا، لە پێناو عەقڵی ساغ لە جەستەی تەندروستدا لەم قۆناغەدا، دەستدەكرێت بە گرنگیدان بە پێكهێنانی خاسیەتە ئاكارییەكان و گەشەپێدانیان وەک " ئازایەتی، خۆڕاگری، ئارامگرتن لە بەرانبەر ئازاری مادی و مەعنەوی، پشتبەستن بە خود و هەڵسەنگاندنی مافەكان. ئەمەش لە ڕێگەی ئەزمون و تاقیكردنەوە لە ژیانی كۆمەڵایەتیدادەبێت، هەمو ئەمانەش هۆشیاری و تواناكانی ئەقڵی و گیانی پێشخەری، لای پەرە پێدەدەن بەم شێوەیە ڕێگای ڕاستی بۆ دەكێشین بەرەو پەروەردەی ئاینی"(رضا، 2021، 115). ئاكار گرنگ و زەرورەتە، ڕۆسۆ زانین پەیوەستدەكاتەوە بە ئاكار، چونكە ئەو پێیوایە گەر زانین لە دەرەوەی ئاكاربێت دەبێتە هۆی گەندەڵبونی مرۆڤ، وەک چۆن لە گوتارەكەیدا (ئایا بوژانەوەی زانست و هونەر یارمەتیدەری لایەنی ئاكاری بوە) دەیخاتەڕو، لێرەوە دەردەكەوێت كە زانینێک ئاكاریانەبێت لە ویژدان و هەستكردن بە چاكەوە سەرچاوەدەگرێ، بە پێچەوانەی زانینی عەقڵی كە پشت بە بیركردنەوە و لۆژیک دەبەستێت، زۆربەی جار سارد و وشكە.

**تەوەری سێیەم: بنەمای عەقڵ و ڕۆڵی لە ئیپستمۆلۆژیادا:**

"دەبێت بابەتە هەستپێكراوەكان بكرێنە چەمک و واتا، بەڵام نابێت كتوپڕ، لە بابەتە هەستپێكراوەكانەوە بۆ بابەتە عەقڵانییەكان بازبدەین، دەبێت لە یەكەمەوە بگەینە دوەمەكان، لەیەكەمین چالاكیەكانی عەقڵدا دەبێ هەمیشە هەستەكان ڕێنوێنیمان بكەن، سروشت ئەو كتێبە كراوەیەیە كە فێرخواز هەمو زانیارییەكانی لێوە وەردەگرێت لە ڕێگەی تێڕامان و تێبینیكردنەوە، بەمەش ئەو دەبێتە كەسێک كە خۆی زانستەكان دەدۆزێتەوە، چونكە ئەو ڕاهێنان لە كەسێک وەرناگرێت، بەڵكو سروشت ئەوەیە كە مافی فێركردنی هەیە منداڵێک كە دەخوێنێتەوە بیرناكاتەوە، تەنها دەخوێنێتەوە ئەو بەڕاستی فێرنابێت، بەڵكو تەنها وشەكان ئەزبەردەكات" (ڕوسو، 2020، 200). پێویستە كارێكی وابكرێت فێرخوازەكە سەرنجبداتە گۆڕانەكانی سروشت و لێیان وردبێتەوە بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە وریاتر و بەئاگاتربێت، شتێكی بەڵگەنەویستە كە منداڵ لە لەگەشەی بەردەوامدایە و وزەی زۆر زیاددەبێت، بۆیە پێویستە ئەم وزەیە بۆ فێربون تەرخانبكرێت، بەڵام هەمو فێربونێک نا بە بۆچونی ڕۆسۆ، بەڵكو فێربونی ئەو بابەتانەی كە پێویست و بەكەڵكن بۆ ئەو تەمەنە، دەبێت فێربونەكانی تر هەڵبگرن بۆ ئەو كاتەی، كە هزری منداڵ تەواو كامڵ و پوختە، بۆیە یەكەمین چالاكی، چالاكی مێشک دەبێت. ڕۆسۆ نەیار بە ئاراستە عەقڵگەراكەی سەردەمی خۆی بو، تەنانەت "دژی توێژینەوە تێڕامانییەكان بو، دژی فەلسەفەی باو بو لە سەردەمی خۆیدا، واتە فەلسەفەی عەقڵانی" (الخطاطبة، 2022، 38)، چونكە بە لای ئەو، ئەم پێداگیرییە لە عەقڵ، بە تەنیا نەیتوانیوە مرۆڤ ئاسودە و بەختەوەربكات لە نێو كۆمەڵگادا، بەڵكو بۆتەهۆی گەیشتنی مرۆڤ بە دۆخی گەندەڵی، نادادی و دوركەوتنەوە لە سروشت و جوانییەكانی، هەربۆیە ئەو "جەختدەكاتەوە لەوەی كە هەستە سروشتییەكانمان بەرەو خزمەتكردنی بەرژەوەندیی هاوبەش ڕێنماییمان دەكەن، لە

کاتێکدا عەقڵمان هانی خۆپەرستی دەدات، کەواتە بۆ ئەوەی مرۆڤی چاک بین، دەبێت شوێن هەستەکانمان بکەوین، لەبری ئەوەی شوێن عەقڵ بکەوین" (رسل، 1977، 299).

هەروەها سەبارەت بە گەشە و خوێندن، ئێمیل گەیشتوە بە قۆناغێک کە هۆکارەکانی فێربون لەبەردەستن، توانا سروشتییەکانی پێگەیشتون و پاش ئەوەی سروشت پەروەردەی کردوە و ئامادەیکردوە بۆ وەرگرتنی زانینی دیکە سەبارەت بە مرۆڤ و ئەو بەها و کولتورانەی لەخۆیدەگرێت، ئیتر کاتی ئەوە هاتوە ئێمیل فێربکرێت و سازبکرێت بە زانیاری و زانین، چونکە توانای تاکەکەسی لەو کاتەدا شیاوە بۆ وەرگرتن و زیادکردنی ئەو پێویستیەی، کە پێویستی پێیەتی،" پەروەردەی عەقڵیی ڕێڕەوی خۆی لەو بەرنامانەدا دەگرێتەبەر کە بۆ پەروەردەکردنی ئێمیل دارێژراون، بەشێوەیەکی ڕێکخراو، بەڵام بە جیاوازی لە پەروەردەی عەقڵیی نەریتی باو لەو سەردەمەدا، ئامانجی پەروەردەی عەقڵیی لەم قۆناغەدا زیاتر گەشەپێدانی توانا هزرییەکانیەتی، هاوکات لەگەڵی گەشەپێدانی ڕوحی و دەستپێشخەری پێدانی زانیاری سودبەخش لە جوگرافیا و زانستە سروشتییەکان و خۆشەویستکردنی هونەری کرداری و پیشەی دەستی وەک کشتوکاڵ و ئاسنگەری و دارتاشی و هتد" (الشيباني، 1971، 177)، لێرەوە دەگەین بە ڕاستییەک کە فێرخوازەکەی ڕۆسۆ، پشت لە عەقڵ ناکات، بەڵام وەک پنتی یەکەمی زانینیش مامەڵەی لەگەڵ ناکات، ئێمیل لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەست و ئەزمونەوە دەگات بە دەرئەنجامی هزرین و زانینی عەقڵی، بەنمونە لە " بابەتی لێڕوانین لە خۆرهەڵاتن و خۆرئاوابون، هەستی بینینی خۆرهەڵاتن و خۆرئاوابون، دەبێتە بابەتی بیرکردنەوە بۆی" (رۆسۆ، 2020، 203)، بە سەرنجدان بە کۆی تێڕوانینەکانی ڕۆسۆ دەردەکەوێت کە زۆر تەبانەبوە لەگەڵ عەقڵ و بیرکردنەوە، بە باوەڕی ئەو سروشت ویستویەتی ئێمە تەندروستبین، هەربۆیە دۆخی بیرکردنەوەی زەینی لەگەڵ سروشت یەک ناگرێتەوە و بەهای ڕاستەقینەی مرۆڤ لە دڵدایە، نەک لە هزر و عەقڵدا و بەهای دڵ سەربەخۆیە لە بەهای عەقڵ، تەنانەت بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەری، ڕۆسۆ لەبری گەڕانەوە بۆ عەقڵ، دەگەڕێتەوە بۆ سۆز و ویژدان، ئەو دەبێژێت: " هەرچی من بە خراپە هەستیپێبکەم خراپە، ویژدان باشترینە" (الخطاطبة، 2022، 39). بەڵام لەهەمانکاتدا بۆچونی تریش هەیە کە پێیانوایە، گەرچی بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕۆسۆ "دژبەریەکی لە گەڵ گەشەکردن و جێبەجێکردنی عەقڵ لە ڕێگای پێشکەوتندا هەبوە، بەڵام ڕەنگە زیاتر لە هەر کەسێکی تر بەشداری لەو گەشەکردنە عەقڵییەکردبێت، کتێبە ناوازەکەی (پەیمانی کۆمەلایەتی) گەواهیدەری ئەو ڕاستیەیە" (ڕاندال، د، ت، 505).

**تەوەری چوارەم: ئاین: ڕۆڵی لە زانین و پەروەردەدا لە دیدی ڕۆسۆدا:**

ڕۆسۆ وەک چۆن دیدگای خۆی بۆ پەروەردەیەکی نمونەیی پێشکەش دەکات، لەهەمانکاتدا پێگەیەکی تایبەت بە ئاین دەدات، کە جیاوازە لە تێگەیشتنی نەریتی باو لەو سەردەمەدا، بە دروستی لە بەشی چوارەمی کتێبی ئێمیلدا، ڕۆسۆ هەڵوێستی خۆی دەربارەی ئاین لە ڕێگەی دانپێدانانی قەشە ساڤۆئایی پێشکەشدەکات، "سەرەتا دەتوانین لەو هۆکارانە تێبگەین کە پاڵ بە ڕۆسۆوە دەنێن بۆ دواخستنی بابەتە ئاینیەکان، کاتێک دەبینێت منداڵ بەهۆی خەیاڵی ناسکییەوە، بە سروشتی خۆی مەیلێکی بۆ پەرستن هەیە، جا ئەگەر لە تەمەنێکی زودا لەگەڵی لە بارەی خوداوە قسە بکەین، ئەوا جگە لە بیرۆکەیەکی پڕ لە وەهم لە بارەی خوداوە، ناتوانین هیچی تری فێربکەین، ئەگەر بەخەیاڵ خودای بینی، بە دەگمەن بیر دەتوانێت تێبگات، بە واتەیەکی تر، ئەگەر هزری منداڵ لەوەهمدا نوقم بو، ناتوانێت لێی ڕزگاربێت، بۆیە بۆ بەرژەوەندی منداڵ و بەرژەوەندی ئاین پێویستە چاوەڕێبین، تا منداڵ لە ڕوی عەقڵەوە پێدەگات و ئامادەییەکی بەهێز و گونجاوی دەبێت کە بتوانێت بیرۆکەی ئاین و خودا بەشێوەیەکی ڕاستەقینە وەربگرێت، کە پاک و بێگەرد، دور لە پەردەی تەم و مژاوی و ناڕاستی" (عبدالدائم، 1984، 392)، ئەمە دەشێت دەرئەنجامی بینینی ئەو داکەوتە

کۆمەڵایەتییە بوبێت کە پیاوانی ئاینی چۆن منداڵەکانیان لە سەرەتا و بەهاری تەمەنیاندا ڕاپێچی دونیای چاکە و خراپە و یەکرەنگی و گوناهباری کردوە، کە چۆن ئەمە بۆتە مۆتەکەیەک بۆ دونیای ئەوکات و مرۆڤ بەوجۆرە لەپەروەردە و تەڵقینداندابوە بەو مرۆڤەی کە لای ڕۆسۆ دیوارێکی لارە و بارە بەسەر شانی خۆی و کۆمەڵگەوە، بۆیە " سەرەڕای ئەوەی هێزی دەرونی و هزری ئێمیل بەرەو پوختەبون دەچێت، هێشتا ماویەتی بە تەواوی لە خاسیەتە جوانەکانی خودا تێبگات، بۆچی؟ چونکە بۆ هزری مرۆڤ کە بەردەوام بە شوێن دەر هەستەکانەوەیە (شتە زەینییەکان)، زۆر ئەستەمە لەخۆوە لە تێگەی ڕوتی (ئەبستراکتی) وەک ڕوح، جەوهەر و خودا تێبگات، هەر لەبەر ئەمەیە نابێت جێگەی سەرسوڕمانبێت، کە لە قۆناغی سەرەتاییدا لە یەکەمین ساڵەکانی پەروەردەدا، ڕۆسۆ باسی پەروەردەی ئاینی نەکردوە، چونکە ئێمیل لە تەمەنی پانزدە ساڵیش نازانێ ڕوحی هەیە و دەشێت لە تەمەنی هەژدە ساڵیش بۆ ئەو زوبێت و ترسی ئەوە هەیە کە بەجوانی لێیتێنەگات" (روسو، 2020، 285)، ئەمەش کارکردنە لەسەر ئەوەی کە ئاین بەپێی تێپەڕبونی کات، لە ناخی پەروەردەکراوەوە هەڵقوڵێت، نەک لەدەرەوە بەسەریدا بسەپێنرێت، کە کاریگەری خراپ بەجێدەهێڵێت، هەم لەسەر منداڵەکەو هەم ئاینیش، "بەزۆر فێرکارییە دۆگمایی و نهێنییەکانی مەسیحیەت و کڵێسا، منداڵ درۆزن دەکات و بەدوبارەکردنەوەی کۆمەڵێک وشە و چەمکی دیاریکراو، ناتوانێت منداڵان خاوەن ئاکاربکات" (Önder, 2018, 1543). چونکە " لای ڕۆسۆ، هەمو شتێک کە لەدەستی بەدیهێنەرەوە دەردەچێت باشە، مرۆڤ بە دوانەی هەست و ویژدانەوە دێتە نێو جیهانەوە، ویژدان بنچینەی ئاکارە و بەزەیی بنچینەی هەستی ئاینییە، بەڵام دەبێت خۆمان دوربگرین لە پێدانی پەروەردەی ئاینی بە منداڵ لە تەمەنێکی بچوکدا، خراپەیەکە بەرامبەری دەکرێت لەبری چاکە، کاتێک ئێمیل تەمەنی دەگاتە (12بۆ 15) ساڵ دەستدەکات بە پرسیارکردن لە سروشت، قەبارەی ئاسمان، ئەستێرەکان، ململانێی بونەوەرە زیندوەکان، تەرز لە سروشتدا، کارکردن و جوانییەکان، دیاردە ترسناکەکانی نێو سروشت وەک هەورە تریشقە، ڕەشەبای بەهێز، ئەمانە ڕێگە بە هزرینی ئێمیل دەدەن کە خۆرسکانە بیربکاتەوە، کە ئەم ڕوداوگەلە جۆراوجۆرانە سەرەتاییەکیان هەیە، ئەمە هەنگاوی دۆزینەوەی دروستکەری شتەکان و ڕوداوگەلەکانە، بەبێ هاریکاری هچ ڕێنیشاندەرێک و مامۆستایەک، دوای ئەم دۆزینەوانە ئێمیل هەست بە سەرسامی و خۆشەویستی و وەفاداری بۆ دروستکەری شتەکان دەکات"(Önder, 2018, 1542).

بەم دەربڕینە بێت ڕۆسۆ بۆچونی وایە، کە ناکرێت سروشت بەم هەموە پێدراوانەی ناوی بێ دروستکەربێت، ئاینیش زەرورەتێکە و مرۆڤان بێئاین ناتوانن ڕێگەکەیان بە تەواوی ببڕن، بە تایبەت کە مرۆڤ خاوەن هەستە و هەستەکانیش لە بابەتی ئایندا ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕن، بەڵام ئەو جیاواز لە نەریتییەکان هەوڵی ناسینی ئاین دەدات، بۆیە بە بۆچونی ڕۆسۆ" بۆ ناسینی ئاینیک بە شێوەیەکی دروست، نابێت بە تەنیا پەناببەینەبەر کتێبەکانی پەیڕەوانی ئەو ئاینە، چونکە پەرستنی خودای ڕاستەقینە لە ڕێگەی دڵە، بۆناسینی مرۆڤ نە پێویستی بە فەیلەسوفەکان و نە بە پیاوانی ئاینیی هەیە، ناسینی لە ڕێگەی حوکمی عەقڵەوە نییە، بەڵکو هەستەکان و دڵ باشترین مامۆستان لەم بوارەدا، ڕاستیەکی بەڵگەنەویست هەیە کە ئاین ڕۆڵی کاریگەر دەبینێت لە بەهێزکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و دەبێتە هۆی نزیککردنەوەی خەڵک لەیەکەوە" (الخطاطبة، 2022، 68)، بەپێچەوانەی (هۆبز1588-1679ز) لای ڕۆسۆ ئاین ئەرکیەتی ڕێگاکانی کردەوەی کۆمەڵایەتیمان بەسەردا بسەپێنێت بە شێوەیەک کە شایەنی متمانە و پابەندبونبێت، لە کاتێکدا هۆبز بەرانبەر سروشتی مرۆڤ ڕەشبینبو، ئاینی وەک ئامرازێک دەبینی بۆ کۆنترۆڵکردن و پێیوابو دەبێت ملکەچی دەسەڵاتی سیاسی بکرێت بۆ ڕێگرتن لە ئاژاوە، بەڵام ڕۆسۆ ئاینی وەک ئەزمونێکی مرۆیی و کەسی و سروشتی دەبینی، هەروەها ڕۆسۆ باوەڕی بە چاکەی سروشتی مرۆڤ هەبو.

فەیلەسوفی ئینگلترا (برتراند راسل 1872- 1970 ز)، سەبارەت بە بۆچونی ڕۆسۆ لەمەڕ خودا، دەبێژێت " ڕۆسۆ لە بواری ئایناسیدا نوێکردنەوەیەکی کرد کە ئەمرۆ زۆربەی هەرەزۆری پیاوانی ئاینی پرۆتستانت مەزهەب پەسەندی دەکەن، پێش ڕۆسۆ فەیلەسوفان لە (پلاتۆن 428-348 پ-ز)ەوە بۆ دواتر، ئەگەر بڕوایان بە خودا هەبوایە، بەڵگەی عەقڵیان دەهێنایەوە بۆ بەهێزکردنی بڕواکەیان، ڕەنگە بەڵگە عەقڵییەکان بۆ ئێمە زۆر قەناعەتپێکەر نەبوبن، یاخود هەستبکەین کە بەڵگەکان بەهێزنەبون بۆ کەسێک کە پێشتر لە دروستی ئەئەنجامەکە دڵنیا نەبوبێت، ئەگەرچی ئەم فەیلەسوفەی کە بەڵگەکانی هێناوەتەوە، باوەڕیوابوە لە ڕوی لۆژیکییەوە ساغن، پرۆتستانتە نوێیەکان کە هانمان دەدەن بۆ باوەڕهێنان بە خودا، لەگەڵ ئەوەشدا گەلێک جار بەڵگە کۆنەکان بەکەمدەگرن و باوەڕیان لەسەر لایەنێک لە لایەنەکانی سروشتی مرۆڤ دادەمەزرێنن، کاریگەرییەکانی ترس و نادیاری، بونی هەستی ڕاست و هەڵە، هەستی پەرۆشیی ئەم شێوازە لە بەرگریکردن لە ڕەخنەی ئاینی، داهێنانی ڕۆسۆیە" (رسل، 1977، 297). ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی کە ئاینی ڕۆسۆ جیاوازبێت، پێویستی بە باوەڕە ئالۆزەکان و نەریت و دامەزراوە ئاینیە هەرەمییەکان نەبێت، ئەو مشتومڕی ئیلاهیاتی و دەمارگرژی ئاینی ڕەتدەکاتەوە، چونکە ئەوانە ئاینی ڕەسەن گەندەڵ دەکەن و دەرئەنجام دەیگۆڕن بە ئامرازی زۆرداری و دەسەڵات.

بەوپێیە ئەو ئاینەی کە ڕۆسۆ باوەڕی پێیە، "ئاینی سروشتییە (Natural Religion)، لەگەڵ یاساکانی سروشتی مرۆڤایەتیدا تەبایە و دەگونجێت، مرۆڤی دەرونساغلەم بەرەو ئەم جۆرە ئاینە هەنگاو دەنێت و باوەڕی پێدەهێنێت، یەکێک لەڕەگەزە گرنگەکانی باوەڕبون بە سروشتی چاکی مرۆڤە و هەر خراپە یاخود گەندەڵییەک کە توشی مرۆڤ دەبێت، ناگەڕێتەوە بۆ سروشتی ڕەسەنی"(الفرحان، 1999، 127-128)، چاکە ئەوەیە کە بە خۆرسک لە ناخماندا شاراوەیە و خراپە ئەوەیە کە لەو کۆمەڵگەیەی تێیدا ژیاوین دەستمان کەوتوە، بەڵام بە پەروەردە مرۆڤ دەتوانێت هاوسەنگی لە نێوانیاندا دروست بکات لە ڕێگەی ئازادی، ئیرادەو پشت بەستن بە خود، ئەمەش ئەوەیە کە لە بەهاکانی ئاکاردا دەیبینینەوە. "ڕۆسۆ جەخت لەوەدەکاتەوە، کە پەروەردەی ئاکاری پێش پەروەردەی ئاینی دەکەوێت، چونکە تێربونی منداڵ بە بەهاکانی ئاکار وادەکات هەست بە کامڵبونبکات، ئەمەش جۆرێکە لە هەستکردن بە ئازادی، بۆیە ئاینی گونجاو دەبینێت کە باوەڕی پێدەهێنێت، وەک دەڵێت: "ڕوناکییەکانی ئەقڵ ناتوانن لە سنورەکانی ئاینی سروشتی تێپەڕن، ئەمەش ئەوەیە کە من لەگەڵ فێرخوازەکەم ئێمیلدا پێیڕازیم، ئەگەر پێویستیشبکات کە ئاینێکی تری هەبێت، ئەوا مافی من نییە ڕێنمایکەریبم، بەڵکو تەنها ئەو بۆی هەیە ئەو ئاینە بۆ خۆی هەڵبژێرێت" (ڕۆسۆ، 2020، 289).

**ئەنجام:**

1. ڕۆسۆ لە هزرینە فەلسەفی و پەروەردەییەکەیدا بایەخی تایبەت بە تێگەی سروشت دەدات و گەڕانەوە بۆ سروشت دەکاتە هەوێنی فەلسەفەکەی، بۆیە لەم ڕووەوە گەڕاوەتەوە بۆ گریک و قوتابخانە سروشتییەکانی.
2. بایەخ و گرنگی پرنسیپەکانی زانین، جەوهەری بیرکردنەوەی ڕۆسۆیە، لەپێناوی فێرکردنی منداڵ و ئاشناکردنی بە زانین، بەپێی قۆناغ و ساڵی تەمەن  کە دواتر گەشە بەم جۆرە بیرکردنەوەیە دەدرێت و دەتوانرێت لەبواری دەرونشیکاری (منداڵ و فێرخواز) لە ژینگەی فێرگەو پەروەردەدا بون بەچەق، بێنێتەکایە، کە لەبەرژەوەندی تاک و کۆمەڵ دەشکێتەوە.
3. شارستانییەت و دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی، وایکردوە ڕۆسۆ نەیاربێت بەو ڕوکارە جوانە قێزەونەی کە خۆی سەپاندوە بەسەر تاک و کۆمەڵگەدا و هەر ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی کە ڕۆسۆ لەپەنای

گەرانەوە بۆ تێگەی سروشت، هەوڵی چاکسازی بدات و لەرێی شاکارە گرنگەکانی (ئێمیل) و (پەیمانی کۆمەلایەتی)یەوە گۆڕانی جۆری دروستبکات.

4. قۆناغی منداڵی و سروشتی منداڵ پنتی یەکەمی ڕەنگرێژکردنی فەلسەفەی پەروەردەیە لای ڕۆسۆ، بە دیدی ئەو دەتوانرێت جەوهەر باشیانە منداڵ پەرەی پێبدرێت و ڕابهێندرێت، کە ئامانجەکەی پەروەردەو فێرکردن و پارێزگاریکردنە لە سروشتی باش و ئازادی منداڵ بەلەبەرچاوگرتنی خواست و ویست و ئارەزووەکانی.

5. ڕەچاوکردنی قۆناغەکانی گەشەکردن و پڕکردنەوەی پێداویستییە پەروەردەییەکان لە هەرقۆناغێکدا، ئەزمون و بەشداری کردەییانەی منداڵ ڕۆڵیان هەیە لە دەرخستنی بەهرەکانی، لەکاتێکدا وانە تیۆرییەکان جگە لە بارگرانی و لەبەرکردنێکی کاتی هیچی ترنین، کە دەکرێت بڵێین ئەمە هزرینە پەروەردەییەکەیەتی و دوریش ناڕۆین بڵێین بەرچەکردارێکە بەرانبەر شێوازی پەروەردەی نەریتی و کۆن، کە منداڵ وەک منداڵ نەدەبینرا ، هێندەی وەک گەورەساڵ مامەڵەی لەتەک دەکرا.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین تیۆری پەروەردەی ڕۆسۆ، شێوازێکی ئەزمونی کردەییانەیە، کە هەنگاوبەهەنگاو لە ڕێی بنەمای زانینی و ڕۆڵیان وەک هەستەکان، ئاکار و عەقڵ لەگەڵ سروشت و کەسێتی منداڵ، هەنگاودەنێت لەپێناو گەیشتن بە کەسێکی کامڵی پوخت و ژیر و بەئاگا لە نێو کۆمەڵگەدا.

## لیستی سەرچاوەکان:


بریهێیە، ئیمیل(2007)، مێژوی فەلسەفە-فەلسەفەی گریگی، و، ئاوات محەمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی چراخان.

جەلال، کاوە(2005)، ژۆن ژاك ڕۆسۆ، بڵاوکراوەی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك).

راسێل، بێرتراند(2011)، مێژوی فەلسەفەی ڕۆژئاوا(فەلسەفەی کۆن)، و، فازڵ مەحمود وەلی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

ڕەفیق، فارۆق، (2006)، ئاشتکردنەوەی عەقڵ و عیشق(پەروەردەی لیبراڵ و ئاکاری مەدەنی)، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

ڕۆسۆ، جان جاك(2018)، پەیمانی کۆمەڵایەتی، و، ئاوات ئەحمەد سوڵتان، چاپی دوەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.

ڕۆسۆ، ژان ژاك(2007)، دانپێدانانەکان، و، هەژار جوانڕۆیی، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی.

ڕۆسۆ، ژان ژاك(2020)، ئێمیل، و، ڕسوڵ سوڵتانی، چاپی دوەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

قەرەچەتانی، کەریم شەریف(2016)، سروشتی مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی جان جاك ڕۆسۆ و سیگمۆند فرۆید، چاپی دوەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

محەمەد، ئەحمەد عەلی ئەلحاج(2008)، فەلسەفەی پەروەردە، و، طە محمد قەرەداغی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

سعید، سەرکار حمە ڕەشید(2020)، فەلسەفەی پەروەردە لە دیدی پلاتۆن و جۆن دیوی (توێژینەوەیەکی شیکاری بەراوردکارییە)، نامەی ماستەر، زانکۆی ڕاپەڕین، کۆلیجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، بەشی فەلسەفە.

خەلیل، دیار عبدالباقی(2022)، تێڕامانێك لە فەلسەفەی پەروەردە لای ڕۆسۆ( پەروەردەی سروشتیانەی منداڵ)، گۆڤاری کوردستانی بۆ لێکۆلینەوەی ستراتیجی، ژمارە (7)، هەولێر

عەولا، حەسەن و ئەوانی تر(2024)، بیری دەرونزانی لە فەلسەفەی پەروەردەیی ژان ژاك ڕۆسۆدا، گۆڤاری توێژەر، بەرگی (7)، ژمارە (1)، زانکۆی سۆران.

الأبراشي، محمد عطية(1967)، أصول التربية المثالية في إميل لجان جاك روسو، ضمن سلسلة مذاهب وشخصيات، دار الكاتب العربي للطباعة والنشر، القاهرة.

بدرخان، سوسن(2015)، التربية وتطبيقاتها عبر التاريخ، الطبعة الأولى، دار جرير للنشر والتوريع، عمان- الأردن.

جعنيني، نعيم حبيب(2004)، الفلسفة وتطبيقاتها التربوية، دار وائل للنشر والتوزيع، عمان.
خطاطبة، الدكتور عدنان(2022)، الفلسفة التربوية الطبيعية، الطبعة الأولى، دار أسامة للنشر والتوزيع، عمان- الأردن.
راندال، چون هرمان( د.ت)، تكوين العقل الحديث، ترجمة، جورج طعمة، الجزء الأول، دارالثقافة، بيروت(لبنان).
رسل، برتراند(1977)، تأريخ الفلسفة الغربية، الكتاب الثالث(الفلسفة الحديثة)، ترجمة، د.محمد فتحي الشنيطي، المصرية العامة للكتاب.
روسو، جان جاك(2013)، أصل التفاوت بين الناس، ترجمه، عادل زعيتر، ألناشر مؤسسة هنداوى.
الشيباني، د.عمر محمد التومي(1971)، تطور النظريات والأفكار التربوية، دار الثقافة بيروت- لبنان.
الفرحان، الدكتور محمد(1999)، الخطاب الفلسفي التربوي الغربي، الشركة العالمية للكتاب، الطبعة الأولى، بيروت- لبنان.
اليماني، د. عبد الكريم على سعيد(2004)، فلسفة التربية، الطبعة الأولى، دار الشروق للنشر، عمان- الأردن.
الرفاعي، عماد علي(2007)، الجذور الفلسفية للفكر التربوي عند الكندي و القابسي و روسو دراسة تحليلية مقارنة(رسالة الدكتورا)، عمان، جامعة عمان العربية، كلية الدراسات التربوية العليا.
عريعير، فاطمة الزهراء(2017)، التربية عند جان جاك روسو(رسالة ماجستير) الجزار، جامعة محمد بوضياف- المسيلة، كلية العلوم الإنسانية والعلوم الاجتماعية، قسم الفلسفة.
كريمه، معوش، سميرة، شيحة(2018)، جدلية العلاقة بين التربية والسياسة عند جان جاك روسو(رسالة ماجستير) الجزائر، جامحة محمد بوضياف-المسيلة، كلية العلوم الإنسانية والعلوم الجتماعية، قسم الفلسفة.
الحنفي، عبدالمنعم(2010)، الموسوعة الفلسفية، الطبعة الثالثة، مكتبة مدبولي، القاهرة.
دليلة، جبار(2024)، المبادئ الأساسية لتربية الطفل عند روسو من خلال تنمية الطبيعة الإنسانية، مجلة البحوث التربوية والتعليمية، 13(02)، ص 509-524.
رضا، سعيد، طيبى، مسعود(2021)، الأسس العامة للتربية في فكر جون جاك روسو من خلال كتاب إيميل، مجلة الرواق للدراسات الأجتماعية والإنسانية، المجلد 7، العدد(2).الجزائر.
طيبي، مسعود(2011)، ألأخلاق بين العاطفة والعقل عند جون جاك روسو، حوليات جامعة الجزائر، العدد(20)، الجزء2.
كريم، الشيخ على(2024)، معالم الفكر التربوي عند جان جاك روسو (مقاربة نقدية)، مجلة الأستغراب، العدد (35)، السنة التاسعة.
وطفة، علي أسعد(2015)، الثورة التربوية في فلسفة جان جاك روسو، مجلة نقد وتنوير، إصدار خاص.
Collins, P. M. (1976), 'Rousseau's Philosophy (or philosophies?) of Education, The Irish Journal of Education, X, vol. No.2.
MVOGO, D. (1990), Revue des sciences de l'education, Theoris de l'apprentissage chez Jean- Jacques Rousseau, vol.16 numéro. 3.
Nima, M. A. (2025), The Role of Women's Education in Jean-Jacques Rousseau's Emile, Wasit Journal for Human Sciences, vol.21, No. 1, Pt 1.
Noddings, Nel. (2018), Philosophy of Educatio, Routledge, New York.
Önder, M. (2018), J. J. Rousseau, Emile and Religious Education, Universal Journal of Educational Research, vol. 6, No.7.
Rousseau, J-J. (2011), Discours sur les Sciences et les Arts (1750), Édition électronique v.: 1.0: Les Échos du Maqui.